بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ

کتێبی شەشەم



ڕۆز لاگرکڕانس

وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی

ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی

بەشی – ١

ئێستا دووبارە باسی دانێ دەکەین. ئەو کچە کە لەگەڵ باوکی، پشیلەکەی و بەرازۆکەکانی لەو خانووە زەردەدا لە شەقامی «هوملە» دەژین. مامۆستاکەی بە دانێ دەڵێ«بەختەوەرە چکۆلە» کاتی خۆشی دانێ ئەو ساتەیە کە هەموو ڕۆژێ خۆی دەچێ بۆ قوتابخانە. ئەو قوتابخانەی زۆر پێخۆشە. لە قوتابخانە باشترین کەس بۆ ئەو مامۆستاکەیەتی. دانێ مامۆستاکەیی زۆر خۆش دەوێ. هەڵبەتە هاو پۆلەکانیشی خۆش دەوێ. دانێ حەزی لە نگارکێشانە. حەزدەکا لە بێدەنگیدا کتێب بخوێنێتەوە. دانێ هەموو شتێکی قوتابخانەی بەدڵە. ئەو «وەک ماسی ئاوی ڕوون وایە» ئەگەر کەسێک خۆشی بۆ بگوزەرێ وای پێدەڵێن.

لە پۆلی دووەم کە دانێ دەخوێنی لە بەهاردا دەچن بۆ ڕاوەماسی. بە تایبەت «کوودەن» هەڵبەتە کوودەن لە هەر جێیەک بێ و هەرچی ڕووبدا ئەو شاد و خۆشحاڵە.

جارێکیان مامۆستاکەیان گوتی«هەر کەس بەسەرهاتی ڕۆژانی پشوودانی سەری ساڵ بگێڕێتەوە»

کوودەن دەستی هەڵێنا و گوتی«ئەو دەمەی کە سەگگرتمی» ئەوانی دیکە بێدەنگ بوون.

مامۆستاکەیان لێی نزیک بوەوە و بەماناوە تێڕاما و گوتی«دروستم گوێ لێ بوو کاتێک سەگ گرتتی! بەڕاستی پێی خۆشحاڵ بووی؟»

کوودەن گوتی «نە سەگگرتن خۆشە و نەدەرزی کوزا لێدان!»

ویکان پرسی «بۆیان درویتەوە؟»

کوودەن گوتی «جێ گازگرتنی سەگ نادرونەوە! تەنیا برین پێچی دەکەن»

یوناتان پرسی«چەن جێکەڵپەی تێکەوت؟»

ئەوندەیان پرسیان لێ کرد، کوودەن لە بیری چوەوە باسی چی دەکرد!

«بەننی» وەڕەز بوو. پرسی ئەی کەی دەگەی بەخۆشییەکەی؟

دانێ گوتی«دەکرێ بێدەنگ بن! تا کوودەن قسەکەی بگێڕێتەوە»

کوودەن پەسپاسەوە چاوێکی لە دانێ کرد و بێدەنگ بوو. هەموو چاوەڕوان بوون.

کوودەن گوتی«باوکم گوتی سەگێکت بۆ پەیدا دەکەم»

سرتە سرتێک کەوت نێو پۆلەکە.

کوودەن بەردوام بوو گوتی «چووین توتکێکمان بێنی. ناوی «تەمە» قەتیش کەسی نەگرتووە.

مامۆستاکەیان گوتی«ئەها، ئەمجار تێگەیم. ئاوا خۆشحاڵ بووی!

دوای ئەو قسانە، نیگارکێشانیان هەبوو. هەموویان سەگیان کێشاوە کە خەڵکیان دەگرت. کەچی دانێ نیگاری سمۆرەیەکی کێشاوە! کوودەن بە پادزە لە یانەکەدا دەگەڕا و نیگاری ئەوانی دیکەی پەسن دەکرد. وەختێک گەیشتە لای نیمکەتەکەی دانێ وێستا و ڕوانییە نیگارەکەی دانێ و گوتی «ئافەرین، زۆر جوانە!»

دانێ لەبەر خۆیەوە گوتی«هیچ جوان نییە»

کوودەن هەمیشە چاوی لە جێگا بەتاڵەکەی جارانی ئێلا فڕیدا بوو. ئێلا فڕیدا کە باشترین دۆستی دانێ یە پێش ئەوەی بڕوا بۆ شاری «نۆرشۆپینگ» لەوێ دادەنیشت.کوودەن بە ئاواتەوە بوو بتوانی لەو جیگایە لە

لای دانێ وە دانیشێ. نزیک ساڵێک بوو ئەو سەندەڵییە بەتاڵ بوو. دانێ نەی دەهێش کەس لە سەری دانیشێ. ئەو، پێی وایە کە ئێلا فڕیدا دەگەڕیتەوە.

کوودەن ئیدی پرسیار نا کا. بەڵام لە دڵەوە حەز دەکا لە پەنای دانێ وە دانیشێ. ئاخر ئەو ئەویندارى دانێ بووە. دانێ باشترین هاوڕۆلەی ئەوە.

ئایا دانێ ش ئەویندارى کوودەن بووە؟

رەنگە و لەوانەیە واش نەبێ. دانێ حەزى لە کەسى دیکە نییە، کە لەگەڵ ئەو بەرئاوردى بکا.

دانێ لەوەپێش جارێک لە باخچەی منداڵان حەزى لە کوڕێک کردبوو کە ناوی «ماکس»بوو. ئەوان هەموو ڕۆژێک لە پشت بەردێکی گەوردا پێکەوە کایەیان

دەکرد. کەچی ڕۆژێکیان «ماکس» لەگەڵ دانێ کایەیان دەکرد بە دانێ دەڵێ «بڕۆ دەڵەمیز»

کاتێ نەنکی دانێ ئەوە دەبیستێتەوە زۆر تووڕە دەبێ.

بەڵام دانێ بەسەر خۆی ناهێنێ. پاکانە بۆ ماکس دەکا و دڵێ ڕەنگە ناوی منی لە بیر چووبێتەوە! ماکس تۆزێک بزۆزە و شپرزەیە.

نەنکی دانێ دەڵێ«ئەگەر جارێکی دیکە وای پێگوتی، پێی بڵێ من ناوم دانییەلایە»

دانێ گوتی «پێویستناکا، ئیدی پێکەوە کایە ناکەین»

ئەمە ئەودەم پێشهات کە دانێ لەلای نەنکی و باوەگەورەی دەژیا. چونکە دایکی مردبوو. باوکی ئەوندە خەمبار بوو نەیدەتوانی دانێ بەخێو بکا. بەڵام باش بوو ئەودەمەی کە دەبوو دانێ بچێتە قوتابخانە، باوکی حاڵی باشتر بوو. دەیتوانی سەرپەرستی دانێ و پشیلەکەی بکا و ئاگای لێیانبێ.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٢

کاتێک دانێ چووە پۆلی دووەم، دیسان باوکی نەخۆشکەوتەوە. لەو سەردەمەدا کە پشوودانی حەفتەی وەرزش دەستی پێدەکرد، باوکی دانێ خەمۆکی دایگرت. «گیانی» ئەوندە ئەفسوردە بوو. پێویستی بە سەفەر هەبوو. ئەو دەبوایە شوێن بگۆڕێ تا مێشکی بحەسێتەوە. باوکی دانێ وای بیر دەکردەوە، ئەگەر بچێ بۆ «ڕۆم» سەرێک لە دایکی «لوسیا»، لە براکەی «گیوسپی»و براژنی «دۆنتەلا» و منداڵەکانیان یانی «ڕۆسیانا» و «ئالێساندرۆ»بدا، زەینی دەگۆڕدرێ و خۆشحاڵ دەبێ.

دانێ ش دەیویست لەگەڵی باوکی بچێ. چەن ساڵ بوو سەفەری نکردبوو و خانەوادی ئیتالیایی خۆی نەدەبوو.

بەڵام باوکی ڕازی نەبوو. ئەو بڕیاری دابوو کە بەتەنیاخۆی سەفەربکا. پێویستی بەوە هەبوو کە بیر لە ژیانی خۆی بکاتەوە. بە دانێی گوت«کچم بۆ تۆ باشنییە لەگەڵ کەسێک کە زۆر خەمگین و خەفەتبارە سەفەر بکەی!»

دانێ گوتی«ناتوانی پێم بڵێی بۆچی وا خەمبار و ئەفسوردەی؟»

دیارە باوکی نەیدەویست لەو بارەیەوە قسە بکا.

دانێ لەباتی ئەوەی سەفەربکا بۆ «ڕۆم» دیسان گەڕاوە بۆ ماڵی نەنکی و باوەگەورەی. ئەودەمەی نەنکی هات کە ئەو و برازۆکەکان لەگەڵ خۆی ببا بۆ ماڵی خۆیان دانێ بە خۆیی گوت «ئەم پشوودانی وەرزشییە بۆ من هیچ خۆش نییە»

دانێ بە دڵشکاوییەوە شەقامی «هوملە»ی بەجێ هێشت.

بەڵام نەنکی زۆر خۆشحاڵ بوو کە دانێ لە ماڵی ئەوان بێ و ئەو ئاگای لێیبێ.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ - بەشی ٣

کاتی پشوودانی حەفتەی وەرزش «کوودەن»یش بە بێ دانێ خۆشحاڵ نەبوو. چۆن بیتوانیایە بە بێ دانێ هەڵبکا!

کوودەن بەیانی ڕۆژی پشوودانی حەفتەی وەرزش لە خەو هەستا. بیری لەوە کردەوە کە چۆن خۆی سەرگەرم بکا. بە بیریدا هات دیارێیەک بەرێ و بچێ بۆ ماڵی دانی. ئەوکاتەکە دووکانی گوڵفرۆشییەکە کردیەوە، کوودەن لەوێ چاوەڕوانی دەکرد. چووە ژووڕێ جوانترین گوڵێکی ڕۆزی سووری کری. گوڵەکە گران بوو، بەڵام کوودەن جیرەی پشوودانی حەفتەی وەرزشی لە دایە گەورەی وەرگرتبوو. پووڵی پێ بوو.

دوای ئەوە بە ڕاکردن ڕۆیی بۆ لای خانووە زەردەکەی شەقامی «هوملە» لە زەنگی درگای دا. لە بێبەختی ئەو باوکی دانێ «گیانی» درگاکەی کردەوە. کوودەن پرسی«دانێ لە خەو هەستاوە؟»

گیانی گوتی «بەداخەوە، دانێ لە ماڵی نەنکی و باوەگەورەیەتی»

کوودەن تۆزێک کەوتە گومانەوە. وایزانی باوکی دانێ گوێی لێنەبووە. بەدزە تەماشایەکی ساڵۆنەکەی کرد.

گیانی گوتی «من بە پەلەم دەبێ بڕۆم بۆ فڕۆکەخانە»

کوودەن گوتی بەبێ دانێ؟

باوکی دانێ گوتی«بەڵێ بەداخەوە، با ئەمجارە وابێ. من حاڵم باش نییە. بۆیە پێویستم بەوەیە بە تەنیابم. خوا حافیزت بێ کوودەن»

کەچی کوودەن وێستابوو. بیری لەوە دەکردەوە گوڵەکە چیلێبکا. کوودەن دەستی درێژ کرد بۆ لای گیانی و گوتی «من دەمویست ئەم گوڵەی بدەمێ» گیانی وەک ئەوەی خەون ببینێ، ڕوانییە کوودەن.

گیانی گوتی «دانێ بەوە خۆشحاڵ دەبوو. بەڵام تا ئەو بێتەوە گوڵەکە سیس دەبێ»

کوودەن گوتی «خۆم دەتوانم بۆی بەرم. ناونیشانەکەیم بدەیە»

گیانی پرسی«کامە ناونیشان؟»

کوودەن گوتی«جا، دیارە، ناونیشانی نەنکی و باوەگەورەی دانێ»

گیانی پرسی «دەتەوێ بە سواری مێترۆ بچی؟»

کوودەن گوتی«نا، باوکم بە ماشێن دەمبا»

گیانی ڕۆیشتە نێو هاڵەکە و شتێکی نووسی و گوتی ئەوان لە «هیورتهاگن»

دەژین. لێرەوە زۆر دوورە!

کوودەن بۆڵەبۆڵێکی کرد و نووسراوەکەی نا گیرفانی و بە ڕاکردن ڕۆیی.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ ــ ٤

دانێ لە ماڵی نەنکی لە گەڕەکی «هیورتهاگن»لە وەتاقەکەی جارانی دایکی ڕاکشا بوو. لێفەکەی تا سەر لووتی بە خۆیدا کێشابوو. بیری دەکردەوە،

بەخۆی دەگوت «جا، من یەک حەفتە بە بێ قوتابخانە چی بکا؟»

ئەو لەو بیرەدا بوو تەق لە درگایان دا. نەنکی و باوەگەورەی خۆیان کرد بە ژووردا. پرسیان «دانێ بەخەبەری؟»

دانێ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی«وەرنە ژووریٚ!»

باوەگەورەی بەخۆشحاڵییەوە گوتی«سەیرکە لە ژێرخان چیم دۆزییەوە!»

باوەگەورە جووتێک تەختەخلیسکێن و جووتێک چەکمەی پاخلیسکەی نیشان دا. گوتی «هی سڤانتەیە، پێت چۆنە؟»

نەنکیشی جووتێ داردەست و تەوێڵپێچێکی ڕاوەشاند و گوتی«ئەمانە تایبەتی ئیسکیبازین!»

دانێ شاد و خۆشحاڵ بڕیاری دا ڕۆژەکەی بە دەورێک اسکیبازی لە سەر بەفر ڕابوێرێ.

دەکرا باش ڕابوێرێ. چەن شەو و ڕۆژ بەفر باریبوو. زەوی بەجوانی داپۆشی بوو. هەموو جێگایەک سپی دەکردەوە. دنێ ڕۆژی پێشتە لە گەڕەکی خۆیان شوێپێی تازەی ئیسکی دیبوو. بە خێرایی لە لە جێ ڕابوو. جلەکانی لە بەر کرد. نان و پەنیر بە چەن قوو چاییەوە خوارد. دوایی ئامادە بوو، ئەو ڕۆژە نوێیە دەستپێبکا.

دیارە باوەگەورەش یارمەتی دا تا ڕێگە خۆی گەرتەبەر.

دانێ خۆی پێی وابوو، وەک ئیسکیبازێکی لێزان پاخلیسکەی کرد. لەبەر خۆیەوە«من نەمدەزانی ئاوا ئیسکیبازی چاکم!»لە خۆشییان خێراتر دەخزی.

دوای چەن چرکە لەپڕێدا وێستا دیتی تەختەبەردێک لە سەر ڕێگاکەیەتی.

دانێ لە سەر ئەوە سووربوو دەبێ لەو تەختەبەرد و هەورازە سەر کەوێ. بەئاسانی خۆی سەرخست. هەڵکشا بەرەو سەر تا گەییە لووتکە.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٥

دانێ لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو کە لە تاشەبەردی ڕێگا سەرکەوێ.کەچی لەودەمەدا باوکی لە ئۆتوبوسدا لە ڕێگای فڕۆکەخانەوە تەلەفۆنی بۆ کرد. دەیویست پێی بڵێ ئێستا هەستدەکا تۆزێک حاڵی باشترە.

باوەگەورەی گوتی«سەیرە، سەفەر مرۆڤ گورج دەکاتەوە!»

گیانی گوتی«بەڵام دەبووایە«پرینسیپسا»م لەگەڵ خۆم هێنابایە!»

(وشەی«پرینسیپسا»ئیتالیاییە بە سوێدی یانی «پرینسێسا» بە کوردی و فارسی یانی شازادە.) گیانی بە دانێ دەڵێ شازادە. یان بە ئیتالیایی پێی دەڵێ «ئامۆرە» یانی خۆشەویستەکەم.

گیانی لە باوەگەورەی پرسی«دانێ زۆر نارەحەتە کە بە بجێم هێشتووە؟» باوەگەورە گوتی«دڵپەرۆشی مەبە، شازادە لە دەرێیە ئیسکی بازی دەکا»

گیانی گوتی«پێێ بڵێ ئەم بەیانییە کوڕێک هاتبوو گوڵێکی بۆ هێنابوو»

باوەگەورە پرسی «کوڕ! کامەکوڕ؟»

گیانی گوتی«کوڕێکی خوێن شیرینی پرچ ڕەش بوو»

باوەگەورە گوتی«سەیرە کێ بووە! باشە بە دانێ دەڵێم» درگاکەی کردەوە و بانگی لە دانێ کرد. بەڵام دانێ زۆر دوور بوو، گوێێ لێنەبوو. ئەو لەلوتکەی گاشەبەردی تەپەکە وێستا بوو. ئامادە بوو لەو سەرەوە بخزێ بەرەوخوار دانێ یەکبەخۆی هاواری کرد ڕێمبەردەن هاتم. ئەوەی گوت و پێی پێوەنا.

لەبەر خۆیەوە گوتی نەمدەزانی ئەوەنە ئیسکی بازێکی لێزانم! لەو بیرەدا بوو

پێ خزی و لنگەوقوچ کەوت. بوو بەژێر ڕنوەبەفرەوە. هیچی پێنەماپێکەنی.

ئەم بەندە گۆرانییەی بیرهاتەوە«خۆشی دێ و شادی دەڕوا» ئەم دێڕە لە گۆرانییەکانی دایکی بوو. کە نەنکی بۆی گێڕابوەوە. بەڵام نەیدەزانی چۆن تەواو دەبێ. دانێ بیری لەوە دەکردەوە. کەچی تارماییەک هات بەسەریدا.

سەیر نەبوو، باوکێک لەبەر خەمباری خۆی باوەکوو پشووی حەفتەی وەرزشی بوو تاقەنە کچەکەیی بە تەنیا بە جێ هێشتبوو خۆی بەرەو شاری «ڕۆم» بەڕێوە بوو!

ئەگەر دانێ بە دەست خۆی بوایە، جێگای دیکەش هەبوو کە بچێ. بەڵام ئەو حەزی دەکرد بچی بۆ «نۆرشۆپینگ»

لەبەر خۆیەوە گوتی«ئێلا فڕیدا! گوێت لێیە؟»

دانێ ئەگەر بیری ئێلافڕیدای بکردایە. لەبەرخۆیەوە بە دەنگی بەرز قسە دەکرد. گوتی لەمێژە یەکدیمان نەدیوە! دەبێ هەوڵبدەم ڕێگایێک پێداکەم کە بتوانین یەکدی ببینین.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٦

ئێلا فرِیدا بەشێکە لە ژیانی دانێ. دانێ ئەودەمە زیاتر بەختەوەر کە لەگەڵ ئێلافرِیدا پێکەوەبن. ئەوان دەیانەوەێ ڕۆژ و شەو پێکەوەبن. حەز ناکەن هەرگیز لێک جیا بنەوە. تەنیا بۆ چوونە سەرئاو نەبێ. ئێلا فرِیدا هەوڵدەدا خۆی ڕاگرێ تا ئەو دەمەی مەجبوورن لە یەک جیا بنەوە.

جارێکیان دانێ و ئێلا فرِیدا پێکەوە کایەیان دەکرد. ئێلا فرِیدا خەریک بوو پێی لە سەریەک دانێ و بازدا. دایکی پێکەنی و گوتی«ڕۆڵە گیان ئاگات لە خۆت بێ. تا لێت نەقەوماوە بچۆ بۆ سەرئاو!»

بەڵام ئێلا فڕیدا لە بەر کایە لەگەڵ دانێ، کاتی ئەوەی نەبوو. ئەو جارە بوو کە گەرەکیان بوو یاری کتێبخانە بکەن. یەکیان کتێبی قەرز دەکرد. ئەوی دیکە وەکوو کتێبدار لە کتێبخانە کاری دەکرد. کارتی کتێب قەرز کردنیان نیگارکێش کرد. بەو کارتە دەیان توانی کتێب قەرز بکەن. بیخوێننەوە و بیبەنەوە. ئەگەر کتێبەکەیان درەنگ ببردایەتەوە جەریمەیان دەکردن. ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێ. بەڵام وابوو. رەفتار و کرداری ئەو دوو هاوڕێ گیانی گیانییە سەیرە.

ئێلا فڕیدا لە جوابی دایکیدا گوتی«من فریا ناکەوم بچم میز بکەم»

دایکی گوتی«دەبێ فریا کەوی. ئێستا هەر چی من دەڵێم دەبێ وا بکەی!»

ئێلا فڕیدا قیژاندی «تۆ نابێ بە سەر مندا بڕیار بدەی!»

دایکی گوتی«تا ئەودەمەی خۆت ببیتە هەژدە ساڵان من بڕیارت بە سەردا ئەدەم. جا ئەودەم خۆت بڕیار بۆ خۆت ئەدەی تێگەیشتی!»

ئێلا فڕیدا دیسان قیژاندی«کاتێک ببمە هەژدە ساڵانیش هەر ناچم» ئەوەی گوت و ڕایکرد بۆ دەستشۆری، تا

دوو سوور نەهاتەوە. بەڵام ئەوە ئەودەم بوو. ئێستا لە مێژە پێکەوە کایەیان نەکردووە.

هەر جارێک دانێ گلەیی لە باوکی دەکا و دەڵێ«بۆ دبێ نەتوانم بچم بۆ لای ئێلا فرِیدا؟ یان ئەو بێ بۆ لای من»

باوکی لە جوابیدا دەڵێ «لە ڕاستیدا وایە، بەڵام چارە نییە. ڕێگا دوورە!»

باوکی بۆڵەبۆڵ دەکا و دەڵێ«مرۆڤ مەجبوورە چاو لە زۆرشت بپۆشێ. مرۆڤ دەبێ لە بیری داهاتودا بێ»

دانێ دەڵێ«ئۆهۆی ڕاوەستە بزانم! ئەوت پێ بڵێم ئێلا فرِیدا شتومەک نییە چاوپۆشی لێبکەم»

باوکی تووڕە بوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت دەزانم چۆن بیر دەکەیەوە . . .

بەڵام فایدەی چییە! بەشەرمەوە لە ژێر لچەوە دەیگوت «ئەگەر دانێ و ئێلا فرِیدا بیانەوێ یەکدی ببینن دەبێ خۆیان ئەو کارە ئەنجام بدەن. ئێمە چ بکەین!»

دانێ لەو جێگایە کە کەوتبوو هەستاوە. لە پڕێکدا بیرێک هات بە زەینیدا. بیری هاتەوە ئای خۆ ئەمڕۆ یادڕۆژی لە دایک بوونی ئێلا فرِیدایە!

بە خۆی گوت«بۆ لە بیرم چوو خۆ ئێلا فڕیدا بە تەلەفۆن پێگوتم لە پشوودانی حەفتەی وەرزشدا ڕۆژی لە دایک بوونمە»داناڕە بەفرێک کەوت بووە سەر چاوی دانێ. چاوی تروکاند. بیری لە باشترین دیاری سەبارەت بە ڕۆژی لە دایک بوونی ئێلا فڕیدا کردەوە. بە پەلە هەستا و گەڕاوە بۆ ماڵێ بۆلای نەنکی و باوەگەورەی. کەوشی ئیسکی داکەند و ڕایکرد بۆ دیوەکەی خۆی. کاتژمێرەکەی لە سەر زەنگ میزان کرد. تا نەنکی درگاکەی کردەوە ئەو کاتژمێرەکەی لە بەر دەستان لابرد. پرسی

کەس هەیە من بەرێ بۆ نۆرشۆپینگ؟

نەنکی پیی سەیر بوو، سەری شووڕ مابوو.

دانێ نەنکیی تێگەیاند کە ئەمڕۆ یادڕۆژی لە دایک بوونی ئێلا فڕیدایە.

دانێ لووتی لە هەوا کرد و پرسی«ئەوە چییە وا بۆنی ئەوەندە خۆشە؟»

نەنکی یەکبەخۆی هاواری لێهەستا«ئای کەیکە مڕباییەکەم سووتا» ئەوەی گوت و رایکرد بۆ ئاشپەزخانە.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٧

دایەگەورە سینییەکی هێنا و کەیکە برژاوەکانی ناسەری. دانیشت گوێی دا بە قسەکانی دانێ. گوتی«دانێ ئەوەی ئێستا گوتت، دووبارەی کەوە!»

دانێ گوتی«ئەمڕۆ یادڕۆژی لە دایکبوونی ئێلا فڕیدایە. بیرێک هات بە زەینمدا. باشترین دیاری بۆ یادڕۆژی لە دایکبوون»

نەنکی پرسی«ئەو دیارییە باشە چییە؟»

دانێ گوتی«ڕێکەوت»

نەنکی پرسی«ئاخۆ ئەو ڕێکەوتە چیبێ؟»

دانێ گوتی«ئازموونکردن. شتێک نییە کارێکە ئەنجام ئەدرێ. ئێستا وا باوە مرۆڤ خۆی پێشکەشی یەکدی دەکا. پێکەوە دەچن بۆ باخی ئاژەڵان. یان دەچن بۆ سینەما و تەیاتر. . .»

دانێ بە دزییەوە قامکێکی لە کەیکەکەی نەنکی. بزانێ سارد بوەتەوە یان نا

نەنکی وای نواند کە ئاگای لێ نییە.

گوتی«دانێ! پێم خۆشە بزانم دەتەوێ دیاری وەکوو ئازمون کردن چی بدەی بە ئێلا فڕیدا؟»

دانێ گوتی«قەت ناتوانی بزانی»

نەنکی خوێندییەوە نووسرا بوو«باشترین دیاری بۆ یادڕۆژی لەدایکبوون»

دانێ لە نەنکی پرسی«نەنە گیان ئەمجار تێگەیشتی؟»

نەنکی گوتی«بەڵێ، خەریکم شتێک حاڵی دەبم ئازموون کردن ئەوەیە. . .»

دانێ شادی کەوتە ڕوخساری و گوتی«وایە. دەچم بۆ نۆرشۆپینگ»

نەنکی پرسی«بیرت لەوە کردوەتەوە کە چۆن دەچی؟»

دانێ گوتی«ئۆهۆ، چەندە وشکی نەنە گیان! خۆت بە ماشێن دەم بەی»

نەنکی مات بوو، ڕوانییە دانێ تێفکری و گوتی«دڵەکەم خۆت دەزانی من پێم ناکرێ. من خۆم ئامادە دەکەم بۆ شێولێنان بۆ میوانەکانم تۆ دەزانی ساڵی جارێک لەگەڵ دۆستەکانم یاریی لە دەوری یەک کۆ دەبینەوە»

دانێ گوتی«ئەگەر وابێ دەبێ باوەگەورە بمبا»

نەنکی گوتی«ئەوەش نابێ. باوەگەورە ماشێنەکەی بردووە بۆ سەرویس»

دانێ لە نەنکی ناهومێد بوو.

نەنکی خەریکبوو کەیکەمرەبایەکانی لە سەر سینیەکە هەڵدەگرت. ڕووی کردە دانێ و گوتی«کچی خۆم دوای ئەوەش دڵنیا نیم کە باوکت بەم وردە حیسابە ڕازی بێ»

دانێ پرسی«نەنە ئەوە دەڵێی چی کامە وەردە حیساب؟»

نەنکی گوتی«ئەوە میسالە. ئەگەر کەسێک کارێکی بە دڵ نەبێ وا دەڵێ»

دانێ لە نەنکی پرسی«تۆش وەکوو باوکم بیردەکەیتەوە؟ پێتوایە نابێ من و ئێلا فڕیدا یەکدی ببینین!»

نەنکی لووتی کردە حەوا و گوتی«باوکت وای پێگوتی؟ من هەرگیز باوەڕناکەم باوکت وات پێبڵێ!»

دانێ درکاندی و گوتی« باوکم هەمیشە وام پێدەڵێ»

نەنکی گوتی«ئەو قسەیە گەوجانەیە» ئەوەی گوت و گونتکە هەویری کەیکەکەی هاویشتە نێو فڕنەکەوە. دوایە لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو. تۆ و ئێلا فڕیدا مافی خۆتانە کە سەری یەکدی بدەن. بە تایبەت کە یادڕۆژی لە دایک بوونی هەر کامێکتان بێ. باشە کچم خەمت نەبێ من کێشەکە چارەسەر دەکەم. ئەوەی گوت

و ماوەیەک ڕوانییە دانێ. و لە دانێی پرسی«دەوێری بە تەنیا بچی بۆ نۆرشۆپینگ؟»

دانێ بەو قسەیە چاوەکانی وەک مەڕمەڕە شوشە خڕ هەڵگەڕان.

نەنکی دووبارە لێی پرسی«ئەگەر من لە ستۆکهۆڵمەوە سواری قەتارت کەم دەوێری بچی؟ لە وێستگەی قەتاری نۆرشۆپینگ دایکی ئێلا فڕیدا دێت بەرەوپیرت»

دانێ بە جارێک سڕبوو، بەڵام گوتی«جا دیارە دەوێرم»

نەنکی گوتی«دەی زۆر باشە، با تەلەفۆن بکەم بۆ سۆنیا بزانم ئەو دەڵێ چی» دایکی ئێلا فڕیدا ناوی سۆنیایە. تەلەفۆنی لەگەڵ سۆنیا قسەی کرد.

و ڕووی کردە دانێ و گوتی«کێشەکە تەواو بوو. سۆنیا گوتی فکرێکی باشە کە تۆ دەچی بۆ لای ئەوان. سۆنیا ساعەت پێنج دەقیقە بۆ دوو دێتە وێستگەی قەتار. ئۆفە و خوشکە چکۆلەکەی ئێلا فڕیدا شی لەگەڵە پێت چۆنە؟ دەستەی پێشوازی وەکوو لێژنەیەک!»

ئەم قسەیە بە گوێ خۆش بوو.

دانێ گوتی«هیوادارم هیچ بە ئێلا فڕیدا نەڵێن»

نەنکی گوتی«خەمت نەبێ. هیچی پیناڵێن. ئێلا فڕیدا دەچێ بۆ فێرگەی ئەسپ سواری. ئاوا ڕازیت؟»

دانێ گوتی«تەواوە، قسەم نییە»

ئێستا دەبوو باوەگەورەش ڕازی بکەن. ڕازیکردنی باوەگەورە ئاسان نییە.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ بەشی ٨

ڕاست وایە. کاتێک باوەگەورە هاتەوە ماڵێ، بۆیان گێڕاوە کە چ خەبەرە ئەو دەم کە ئەمەی بیست سەری ڕاوەشاند. ڕووی کردە نەنکی دانێ و گوتی«وادیارە دانێ عەقڵتی دزیوە! مرۆڤ چۆن ئیجازە ئەدا کچێکی چکۆلە بە تەنیا سەفەر بکا!ئەویش لە ستۆکهۆلم ەوە تا نۆرشۆپینگ»

دایە گەورە بە دوودڵییەوە گوتی«پێتوایە چ دەبێ؟» ئەوەی گوت و هەر دوو دەستی لە سینگی هەڵپێکا.
باوەگەورە گوتی«نازانم، ڕەنگە زۆر شت ڕووبدا. وادیارە ڕۆژنامەکان نا خوێنییەوە، جی دەنووسن؟»

دایەگەورە گوتی«نا، ڕۆژنامە ناخوێنمەوە. مرۆڤ دەترسێنن» هەنگاوێک چووە پێشتر و دەنگی نزم کردەوە تا دانێ گوێی لە قسەکانیان نەبێ. بەڵام دانێ گوێی سووکە قسەکانی نەنکی دەبیست.

نەنکی گوتی«من ناتوانم بە دانێ بڵێم ئەم ماوەی پشوودانی حەفتەی وەرزشە هەر لە ماڵەوە بێ»

ئەوەتا سڤانتەش لەگەڵ دۆستەکانی چوون بۆ کێوگەڕی لە چیای بەرز.

پێتوایە دروستە ئیجازە نەدەین دانێ ش سەفەر بکا. قسەکەی نەنکی دانێ وەک تیرێک ڕاستەوخۆ دڵی باوەگەورەی پێکا!

بەڵام باوەگەورە دەیویست نەوەکانی ژیانیان خۆش بێ. هەر بۆیە، هەوڵی ئەدا کە یەکسان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ. وەکوو یەک جەژنانە و دیاریان بدرێتێ. ئەگەر سوڤانتە بۆی هەبێ سەفەر بکا. دەبێ دانێ ش بۆی هەبێ. باوەگەورە هەندێ تێڕاما و گوتی«بەڵام باوکی دانێ دەبێ ئیجازە بدا! دایەگەورە تەلەفۆنی هەڵگرت و زەنگی بۆ باوکی دانێ لێدا. تەلەفۆنەکەی خستە سەر

بڵندگۆ تا باوەگەورەش گوێی لێبێ. دانێش وێستابوو بە دزە گوێی دابوویە.

بەڵام پیامگری تەلەفۆن جوابی داوە. دەنگێک گوتی«تۆ تەلەفۆنت بۆ گیانی کردووە. تکایە دوای بیستنی زەنگ، پیامەکەی خۆت دانێ. من دوایی پەیوەندیت لەگەڵ دەکەم»

گیانی، باوکی دانێ لە فڕۆکەدا بوو. دەڵێن مسافر بۆی نییە لە فڕۆکدا بە تەلەفۆن قسەبکا!

باوەگەورە وەڕەز بوو، گوشییەکەی دانا و گوتی«دەی باشە ئێمە ئیجازە بە دانێ ئەمین سەفەر بکا» هیوادارم خۆشت بۆ بگوزەرێ. دوای قسەکانی چووە ئاشپەزخانە و قاوەی بۆ خۆی و نەنکی دانێ سازکرد.

دانێ بەڕاکردن چوو بۆ لای نەنکی خۆی خست بە سەر پایدا و بە قوربان و سەدەقەی بوو.گوتی«ئۆخەی دایەگەورە گیان، تۆ هەموو کێشەیەک چارەسەر دەکای»

دایەگەورە بە ڕەزایەتەوە سەری بۆ لەقاند! و گوتی«بڕۆ چەمەدانەکەت سازکە و جلەجوانەکانت لە بەرکە و ئامادەبە!»سۆنیا دیگوت دەیکەین بە جەژنی میوانداری دانێ. داوای ئەوە چووە سەر کامپیوتەر و لە سایتی فرۆشی بلیتی قەتار بلیتی بۆ دانێ کڕی.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبەێ

بەشی ٩

دانێ خێرا جەلەکانی گۆڕی. کراسە داوین درێژەکەی وا نەنکی وەک دیاری جەژنانە بۆی کڕیبوو لەبەرکرد. نەواڕە نووسراوەکەی هەر بە تەوێڵییەوە بوو. دوایە بەپەلە چوو چانتاکەی بپێچێتەوە. کارتی بازی، قەڵەمی ڕنگی، بووکلەیەکی ئاژەڵی و دەفتەری نقاشی و بابۆڵەیەکی پێچاوە. ساکەکەیی هێناو ئەمانەی تێهاویش.

بەرازۆکەکانی بە چاوی خەفەتبارەوە تەماشایان دەکرد. پێیان خۆش نە بوو کە دانێ چانتای پێچاوەتەوە.دەیانزانی یانی دەڕوا بۆ سەفەر. هەستیان بەوەش دەکرد کە لەگەڵ خۆی نایانبا.

دانێ بە بەرازۆکەکانی گوت«نابێ خەفەت بخۆن! من دەچم خۆم دەکەم بە دیاری یادڕۆژی لەدایکبوونی ئێلا فڕیدا» دوای قسەکانی لەگەڵ ئەوان ڕاست ڕاوێستا و تێڕاما. لەبەرخۆیەوە«بەڵێ خۆ بە دیاری بەخشین خۆشە یام وایە ئێلا فڕیدا بەوە زۆر خۆشحاڵ دەبێ! دەزانم ئەو کەرەسەی یاری پێکردنیشی پێجوانە و حەزی پێدەکا»

بەخۆی گوت«بیرلەوە بکەوە ئەگەر بە دیاری ڕێچکەیەک بۆ ئێلا فڕیدا دروستکا» ڕێچکە دیاری دروستکردن یانی یەکێک دیارەییەکان لە پاکەت بەڕیز دایان دەنێ. ئەویدیکەیان دەبێ بگەڕێ و یەکەیەکە پەیدایان بکا.

دایەگەورە هەمیشە لە کۆمۆدی ئاشپەزخانە کاغەز و پەتی هەیە. دانێ چوو کاغەز و بەنی هێنا. ئەو شتانەی وەک دیاری کادۆپێچ بکا. هەوەڵ مەلێکی شووشەی پێچاوە و چەن ئەستێرەی زەردی لێچەسپاند.

دوای ئەوە بووکلە پلاستیکێکی خستە نێو قاوغەشەمچەیە و پێچایەوە. بۆ پاکەتی سێهەم کەوتە دوودڵی.

ئەنگوستیلەیەکی نەگیندار کە دایکی پێدابوو، کردیە دیاری بۆ ئێلا فرێدا. لەبە خۆیەوە وەرتەی دەهات«ئێمە شتی بە نەرخ دەکەینە دیاری بۆ یەکدی. هەموو کەسێک شتی وا نابەخشێ!.



چوارەم دیاری مراوییکی زەردی پلاستیکی سەرئاو بوو کە چاویلکەی لە چاودابوو. ئێلا فرێدا ئەو جۆرەشتانەی کۆدەکردەوە.

پێنجەم دیاری باوەشێنێکی پەڕ بوو. کە نەنکی لە «سپانیا»کڕی بووی.

شەشەم دیاری شیرینی تازەی خامەیی و مەربای تازە دروستکراو بوو بە دزی نەنکییەوە هێنا و کاغەزی تایبەتی جوان بڕی و بە نەواری تایبەت کادۆ پێچی کرد.

دیاری کتێبێک بوو کە نەنکی تازە بۆی خوێندبوەوە. چیرۆکی ئەو کتێبە باسی کچێکی دەکرد کە وەکوو کۆیلە فرۆشتبوویان بە«سیرکی»کایەی ئاژەڵان.



چانتای پر کرد لە وەردەواڵە و میسواک و خەمیرددانی خۆی هەڵگرت

نەنکی ئەودەمەی هات بزانێ دانێ چانتاکەی پێچاوەتەوە. هیچی لە بیر نە چووە. لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەهات«»

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ١٠

کێشەکە ئاوای دەستپێکرد. دانێ گەرەکی بوو بۆ هەوڵین جار بە تەنیا سەفەر بکا. ئەو هەستی دەکرد کارێکی گەورە ئەنجام ئەدا. گەورەتر لەوە کە هەوڵ جار چوو بۆ قوتابخانە. هەڵبەتە هەوڵ جار بە تەنیا سەفەر کردن ترسی لەبەرە! دانێ لە بیری ئەوەدا بوو«تۆ بڵێی چی بۆ پێش بێ؟»

باوەگەورە فینجانێک قاوە بە دەستەوە بە پەلە هات و دانێی لە باوش گرت. باوەکوو نەیدەویست دانێ بزانێ، بە دڵپڕییەوە گوتی«دانێ گیان ئاواتەخوازم خۆشت لێ بگوزەرێ»

نەنکی دەستی دانێی گرت و وەڕێ کەوتن.

وێستگەی ناوەندی قەتاری ستۆکهۆڵم پڕ بوو لە خەڵک. دانێ داوێنی نەنکی گرتبوو، نەکا لەیەک ونبن! بەڵام لە پێشدا چوونە کیوسکێک، نەنکی مۆزێک و ڕۆژنامەیەکی بۆ دانێ کڕی. دوایە چوون لەڕووی ژمارەی بلیتەوە ئەو واگۆنەی دانێ لێ سواردەبوو پەیداکرد. نەنکی دەستی دانێی گرت و سەرکەوتن و جێگایان دۆزییەوە. نەنکی ئاماژەی کرد و گوتی«وەرە دانێ جێگاکەت ئا ئێرەیە. دانیشە»

دانێ لە ترسا دەست و پێی کەوتە لەرزە!

نەنکی پێی گوت«توشی هەر کەس بووی، قسەی لەگەڵ نەکەی!»

دانێ پرسی«ئەی ئەگەر ئەوان قسەیان لە من پرسی چیبکەم؟»

نەنکی گوتی«خۆت گێلکە، گوێ مەدەیە!»

دانێ گوتی«یانی خۆم وانیشاندەم کەڕ و لاڵم!»

نەنکی گوتی«ئەرێ، وا باشترە»

ژنێک لە سەر سەندەڵییەکەی بەرانبەریان بە وردی تێیدەڕوانین.

نەنکی دانێ گوتی«ئەم کچە نەوەی منە. دەیەوێ بە تەنیا سەفەر بکا بۆ نۆرشۆپینگ»

ژنەکە گوتی«منیش دەچم بۆ ئەوێ. ئاگام لێی دەبێ. پێیدەڵێم لە کوێ دابەزێ. کەس دەێ بەرەوپیری؟»

نەنکی دانێ گوتی«بەڵێ، دەستەی پێشوازی لێکردن دێن بە دوایدا»

دوایە نەنکی دانێی لە باوش گرت، ئەویش چەن جاری لە باوش گرت. لەوە دەچوو کە دانێ نەیگەرەک بێ لە نەنکی جیا بێتەوە!

نەنکی گوتی«مرۆڤ بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە. دەتەوێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵێ بۆلای باوەگەورە؟»

دانێ گوتی«نا، دەمەوێ تۆش لەگەڵم بێی!»

نەنکی گوتی«ئازیزەکەم! ئەی جوابی دۆستە هاوبازی «بریجەکەم»چی بدەمەوە؟»

دانێ گوتی«بڵێ لە بیرم چوو!»

نەنکی گوتی«قسەی بێ مانا، تۆ دڵپەڕۆش مەبە. گەشبین بە. دەتوانێ لەگەڵ ئەو خانمە ڕووخۆشە قسەبکەی یان دەتوانی لەگەڵ کۆنترۆڵچی قەتارەکە قسە بکەی»

لەودەمەدا کۆنترۆڵچی قەتارەکە بە لایاندا تێپەڕی.

بەنەنکی دانێ گوت«فەرموو دابەزە ئێستا قەتارەکە دەڕوا!»

نەنکی دانێ بەکورتی قسەی لەگەڵ پیاوەکە کرد.لە قەتارەکە دابەزی.

درگاکان پێوەدران دوای چەن چرکە قەتارەکە وەڕێکەوت.

دانێ هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشا و لەدڵی خۆیداگوتی«ئێلافڕیدا! چاوەڕێ بە ئەوە هاتم! خۆم دەکەمە باشترین دیاری.ڕچەی دیاریشم پێیە!»

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ١١

ئەو ژنە کە لە بەرانبەر دانێ دانیشتبوو، بەوردی تەماشای دانێی دەکرد. پرسی «چۆنە دایکت ئیجازەی داوی بە تەنیاخۆت سەفەر بکەی!»

دانێ گوتی«دایکم مردووە»

ژنەکە گوتی«زۆر بە داخەوە»

دانێ لێزیاد کرد«باوکیشم بەسەفەر چووە بۆ ئیتالیا»

ژنەکە پێڵوی چاوی وەێکنا و گوتی«حاڵی بووم. ژیانی تۆ ئاوایە»

دانێ هەناسەیەکی هەڵکێشا. بیری کردەوە. بەڕاستی ژیانی من بەوجۆرەیە.

ژنەکە پرسی«دایەگەورەت ئاگای لێت دەبێ؟»

دانێ گوتی«بەڵێ، ئەگەر کاتی هەبێ. بەڵام ئەمڕۆ دەبێ نان و چێشت سازکا بۆ دۆستەکانی خۆی و پێکەوە بریج بازی بکەن»

ژنەکە گوتی«ئاوا، کارێکی باش نییە. زۆر وا دەبێ کە تۆ دەبێ خۆت ئاگات لە خۆت بێ و خۆت کاروبای خۆت بەڕێوە بەری؟»

دانێ وەریری کەوتەوە کە نەنکی گوتبووی لەگەڵ نەناسیاو قسە مەکە! هەر بۆیە بێدەنگ بوو.

بەڵام ژنەکەی گەرەکی بوو زیاتر قسە لەگەڵ دانێ بکا. کەچی دانێ گوێی لێ خەواند و خۆی گێل کرد.

ماوەیەک بە بێدەنگی تێپەڕی. ژنەکە کیسەیەکی پڕ لە نوقڵی دەرهێنا و فرمووی دانێی کرد. «دەتەوێ لەم نوقڵە بچێژی؟»

دانێ بە دوودڵییەوە سەری لەقاند. ژنەکە دووبارە«فەرموو شەرم مەکە»

دانێ تەماشایەکی کیسە نوقڵەکەی کرد. پرسی بۆم هەیە چەن دەنک هەڵگرم؟

لە پێشدا بۆت هەیە سێ دەنک هەڵگری!

دانێ سەیری نوقڵەکانی کرد. بە تامی تووەسووڕە، تامی ڕازیانە، و بەشکڵی بەلەم دروست کرابوون. دانێ سێ دەنکی نوقڵی بە تامی تووەسووڕە هەڵگرت. سپاسی لە ژنەکە کرد و یەکە یەکە نایە زاری. زۆر خۆش بوون. دانێ ئەو سیانەی خوارد. دەپڕوانییە کیسە نوقڵەکە. بەڵام ژنەکە لەوە زیاتر خوڵکی نەکرد.کیسەکەی لە سەر مێزەکەی بەردەمی خۆی دانا. ژەنەکەی باوێشکی دەهاتێ و وەنەوزی ئەدا. بەرە بەرە خەوی لێکەوت.

دانێ لە بێدەنگی وەڕەز بوو. بەڵام چارەی دیکەی نەبوو. لە پەنجێرەی قەتارەکەوە دەڕوانییە دەرەوە. تێڕاما بوو. ئاسمان وەک ڕۆژانی پشووی حەفتەی وەرزش ڕووناک نەبوو. تەم و تاریکی هەڕەشەی دەکرد. بەرەبەرە بەفر دابارى و باڕن دەستی پێکرد. دانێ دڵخۆشی خۆی دەداوە. دەی هیچ نییە. لە کووپەی گەرمی قەتاردا دانیشتبوو بەرەو نۆرشۆپینگ بەڕێوە بوو.

لەوێ دەستەی پێشواری چاوەڕێی بوون. بە خۆیی دەگوت«تا ئێستا باش هاتووە. لەمە بەولاوەش هەر باش تێدەپەڕێ» بەڵام بۆ ئەوەی ئامادە بێ تەلەفۆنەکەیی دەرهێنا و بە دەستییەوە گرت.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ١٢

«ڤێرا» دۆستەکچی باوکی دانێ، بۆ جەژنانە گوشییەکی مۆبایلی بە دیاری دابوو بە دانێ. کەچی باوکی دانێ پێخۆش نەبوو. ئەو دەیگوت «زووە بۆ منداڵ تەلەفۆنی هەبێ!» گیانی باوکی دانێ ئەوندە کۆن بیری دەکردەوە! بەڵام ڤێرا گوتبووی نا وانییە. تەلەفۆن ڕۆژێک بەکار دێ. هەر بۆیە سێ ژمارە تەلەفۆنی خستبووە سەر گوشییەکەی دانێ. ژمارەی نەنکی و باوەگەورە و هی خۆشی.

دانێی فێرکرد، چۆن تەلەفۆن بۆ ڤێرا بکا. دانێ بیری لەوە دەکردەوە، بەڕاستی زەنگ بۆ ڤێرا لێدا! بەڵام شتێکی سەیری وەبیر هاتەوە. کە باوکی لەوی شاردبووەوە. باوکی بە دانێی گوتبووی «تەلەفۆن بۆ ڤێرا مەکە. ئیدی منیش تەلەفۆنی بۆ ناکەم»

دانێ گوتبووی «بۆ چی ڕووداوە؟»

باوکی وەڵامی دابووەوە«نا، بەڵام ڕای گۆڕیبوو، بەڵێ مرۆڤ دەتوانێ بڵێ» بەڵام دانێ لە باوکی حاڵی نەبوو. سەیر و سەمەرەتر ئەوە بوو کە ڤێرا باری کردبوو. دانێ سەری سووڕ مابوو. لە پێشدا قسەی ئەوە بوو کە ڤێرا بگوێزێتەوە بۆ ماڵێ باوکی دانێ! کچی ڤێرا بەسەر ئەو هەموو شارەدا ڕاست باری کردبوو بۆ نۆرشۆپینگ!

دانێ لە دڵی خۆیدا وای بیردەکردەوە«من تێدەگەم هەرکەسێکی دیکەش بوایە ئەوکارەی دەکرد. چی لەوە خۆشترە لە شارێک ژیانبکەی کە ئێلا فرێدای لێیە!»

باوکی دانێ گەتبووی«ڤێرا»لەبەر خاتری ئێلا فڕیدا نییە کە لێرە باری کردووە بۆ نۆرشۆپینگ! لە بەر ئەویە کە ڤێرا لەوێ کارێکی باشتری دەستکەوتووە.شتێکی دیش ئەوەیە کە خوشکی «لیزەلۆت» لەوێ دەژی. لیزەلۆت ئەو کچەیە کە ئەسپی ایسلاندی هەیە. ئەو لەوێ دامەزراوی ئیدارەی پۆلیسە.

لە ناکاو کەشوهەوا تێکچوو! بەفر بە باوە دەباری.

دانێ مۆزێکی پاککرد و خواردی ویستی ڕۆژنامەکەی کە نەنکی بۆی کڕیبوو بخوێنێتەوە. بەڵام نوقمی خەیاڵێ خۆی بوو. بیری لەوە دەکردەوە جەژنی یادڕۆژی لە

دایکبوونی ئێلا فڕیدا چۆن دەبێ. پێکەوە کایەی چی بکەن. کایەکەیان چییە و چۆنە؟

دانێ بیری دەکردەوە، ئەگەر بچێتە سەر سەندەڵییەک و لەباری دۆستە خۆشەویستەکەیەوە قسە بکا. زرینگە لە پیاڵەکەی دەستی بێنێ و بڵێ «ئێلا فڕیدای ئازیز! من خۆشحاڵم کە تۆ لە دایک بووی و هەی! تۆش خوشکە چکۆڵەکەی ئێلا فڕیدا «میراندا». دیارە تۆش دایکی ئێلافڕیدا، هەر وەها تۆش «ئۆفە» زڕباوکی ئێلا فڕیدا، پیرۆزبایتان پێدەڵم. ئارەزوو دەکەم تەمەن درێژ بن. ئەوەش بزانن کە دوای نەمانی ئێوەش هەر لە یادماندا دەمێنن»

دانێ لە خەیاڵە ئەوەدا بوو، کەچی ئەویش ڕاست وەکوو ئەو ژنەی بەرانبەری ماندوو وەنەوزی دەهاتێ. خەوەنوچکە بردییەوە. زۆری پێ نەچوو، بە دەنگی

بڵەندگۆی وێستگەی قەتار وەخەبەر هات. لە بڵەندگۆوە ڕایان گەیاند گەیشتینە نۆرشۆپینگ.

دانێ هەستا و ڕۆژنامەکەی لوڵە کرد و خستییە نێو چانتاکەی. دەستێکی لە ژنەکەی بەرانبەرییەوە نا، و گوتی«پووریێ! هەستە گەیشتین» بەڵام ژنەکە دووبارە خەوتەوە. دانێ وێستی دیسان دەستی تێوەنێ، کۆنترۆڵچی قەتارەکە پێدا بوو. ڕوو کردە دانێ و گوتی«خانمە چکۆلە نەنکت گوتبووی کە تۆ لێرە دابەزێنم!»

دانێ گوتی«ئەو خانمەش دەیویست لێرە دابەزێ!» بەڵام کۆنترۆڵچییەکە گوێێ لێ نەبوو. دانێی بە فەرموو فەرموو وەپێش خۆی دا و چنتاکەیی بۆ هەڵگرت و دەستی گەرت و دایبەزاندە سەر سەکۆی وێستگەکە.



دانێ ویستی بەکابرا بڵێ«ئەو خانمەش دەیوست دابەزێ»

کەچی لەو دەمەدا درگاکانی قەتارەکە پێوەدران و قەتار ڕۆیی. دانێ چاوی لێبوو، ژنەکە خەواڵو و گێژ لە پەنجێرەکەوە تماشای دەرێی دەکرد. دانێ دەستی بۆ تەکان دا، بەڵام خۆی لە ژێر بەفر و کڕێوەدا بینییەوە! کە ڕوانییە دەور و بەری خۆی کەس دیار نەبوو. لە خۆیی پرسی«ئەی کوا دەستەی پێشوازی وا نەنکم دەیگوت؟»

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ١٣

ئەو مرۆڤانەی کە لە قەتارەکە دابەزین، هەریەک بە لایەکدا بەپەلە بڵاوەیان کرد. دانێش بە تەنیا لەسەر سەکۆی دابەزین وێستا بوو تەماشای دەکرد. کەچی دەستەی پێشوازی لە هیچ کوێ دیار نەبوون! دانێ تێرامابوو. لەدڵی خۆیدا دەیپرسی چی ڕووی داوە! تۆ بڵێی لە بیریان چووبێ بێن بەدوامدا؟ دووبارە تومااشایی دەوروبەری خۆیدا کرد، دەجار، بیست جار ڕەنگە تا سی جار سووڕاوە. تاماندوو بوو. وێستا و بە پەرۆشەوە دەیڕوانی.

وێستگەی قەتارەکە بە بەفرێکی سپی ئەستوور داپۆشرا بوو. تینی سەرما لە لەشی مرۆڤ کاریگەر دەبوو. دانێ وای هەست دەکرد کە بووەتە پەیکەرێکی بەگرین.

کابرایەکی کرێکاری وێستگوی قەتارەکە وەروەرەیەکی بە دەستەوە بوو دەرکەوت. ئەودەم کە چاوی کەوت بە دانێ وەروەرەکەی دانا و هات بۆ لای. لێی پرسی«چاوەڕوانی کەسێکی؟»

دانێ بە سەر وڵامی داوە.«یانە بەڵێ»

کابرا پرسی«چاوەڕێی دایکتی؟»

دانێ بە لێوەلەرزە گوتی«دایکم مردووە!»

کابرا گوتی« ئەی ئەوکەسەی لە جێی دایکتە نایەێت بەدواتدا؟»

دانێ کەوتە هەناسەبڕکێ، لەخۆیی دەپرسی« ئەم کابرایە مەبەستی چییە؟»

کابرا گوتی«لەم هەوایەدا ماوەیەکی پێدەچی تابێن بە دواتدا! لەگەڵ من وەرە با بچینە سالۆنی چاوەڕوانی. دەنا لەبەر ئەم سەرمایە کەسیرە دەبی»

کابرا چانتاچەرخدارەکەی دانێ لێخوڕی و ڕۆیی. دانێش بە سەرسمدان بەدوایدا ڕۆیی. کابرا درگاکەی بۆ کردەوە و گوتی«لێرە دانێشە تا دێن بە دواتدا!»

دانێ پرسی«کێی دێی بە دوامدا؟»

کابرا گوتی «ئەوکەسەی لە جێ دایکتە!»

دانێ دەیویست کابرا حاڵیکا. گوتی «بڕیار وابووە دەستەی پێشوازی بێن بەرە و پیرم» بەڵام لێوەکانی گۆیان نەدەکرد قسە بکا!

بەڵام کابرا گەڕاوە بۆ لای بەفر و باڕنەکە. وەروەرەکەی هەڵگرت و خەریکی بەفرماڵین بوو.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ١٤

ساڵۆنی چاوەڕوانیش هەر وەکوو سەکۆی دابەزین چۆڵ بوو. دانێ لە سەر نیمکەتێک دانیشت. چاوی دەگێڕا بە ساڵۆنەکەدا. دیتی لە سەر پێشخانی قاوەخانەکە لەلای پەنجێرەکەوە بە خەتی دروشت نووسرا بوو

«بە زووبی دەگەڕێمەوە»

ئەودەمە کە دانێ گەرمی هاتەوە و پەنجەکانی گوبان کرد. تەلەفۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. دەیویست لەگەڵ کەسێک قسەبکا. بەڵام لەگەڵ کێی؟ زەنگ بۆ کام یەک لەو ژمارانەی کە لە بیرۆکەیدا هەبوون لێدا؟ بۆ باوکی نەدەبوو، چونکە هەستی دەکرد. ئەگەر باوکی بزانێ ئەو بەتەنیا چووە بۆ نۆرشۆپینگ زۆر تووڕە دەبێ. زەنگ بۆ نەنکی لێدا دەترسا ئەگەر بە نەنکی بڵێ هیچکەس نەهاتووە بەرەوپیری لەوانەیە سەکتەبکا.

ئەی زەنگ بۆ کێ لێدا!دانێ بەخۆی گوت «لە یەکەوە دەژمێرم تا سەت، ئەگەر کەس نەهات بە دوامدا هەر چۆنێکبێ زەنگ بۆ «ڤێرا» لێ ئەدەم! یەک، دوو، سێ . . .پەنجەی نا بەدوگمەی تەلەفۆنەکەدا.

ڤێرا دەسبەجێ جوابی داوە. سڵاو دانێ! ئێستا لە سەرکارم ناتوانم قسەبکەم. دانێ گوتی«منیش بۆم نییە قسەبکەم، بەڵام مەجبورم!»

ڤێرا پرسی لەکوێی؟

دانێ گوتی لە وێستگەی قەتارم.

ڤێرا پرسی کامە وێستگە؟

دانێ گوتی لە وێستگەی قەتاری نۆرشۆپینگم. کەس نەهاتوە بەدوامدا!

ڤێرا گوتی «وای خودای من!تۆ لە نۆرشۆپینگی!» لەو بەینەدا کەسێک بە ڤێرای گوت تەلەفۆنەکە داخە!

ڤێرا بە سرتە گوتی «لە کوێی هەر لەوێ بە! ئێستا دێم».

دانێ پرسی «کەی دێی؟»

ڤێرا گوتی «تا سەعاتێکی دیکە دەگەمێ».

دانێ پەشۆکابوو. نەخەیر تۆ دەبێ هەر ئێستا بێێ!

ڤێرا گوتی «نابێ، ناتوانم. بەڵام هەوڵ ئەدەم زەنگ لێدەم بۆ خوشکم ئەو بێ بەدواتدا.

پەیوەندی تەلەفۆنەکە تەواو بوو. دانێ دای لە قوڵپەی گریان. لە داخا مۆبایلەکەی لەسەر نیمکەتەکە داناو چووە بەر پەنجێرەکە. ڕوانی بزانێ ماشێنە سوورەکەی سۆنیا

دەبینێ. بەڵام هەرچەند چاوی گێڕا ماشێن دیار نەبوو. دوای چەن چرکە گوێی لە دەنگی نامۆ بوو. ئاوڕیداوە، دیتی خەڵکی دیکەش لە ساڵۆنی چاوەڕوانیدا دێن و دەچن!

لەلای درگاکە چەن کوڕ بە مۆڕەوە تەماشای دەکەن.

سەگێکی ڕەشیان پێبوو. لە خۆیان ترسناکتر بوو. سەگەکە چاوێکی کوێربوو. بە تەنیا چاوێک مۆڕەیەکی لێکرد. گلێنەی چاوەکەی دیکەی سپیبوو.

لە پڕێکدا تەلەفۆنەکەی دانێ زڕەی لێهەستا. دانێ بە پەلە ڕایکرد بۆ لای نیمکەتەکە. کەچی یەکێک لەو کوڕانە خۆی گەیاندێ و گوشییەکەی هەڵگرت.ئەلۆ ، نا تەلەفۆنی دانێ نییە خوا حافیز!

دانێ هاواری کرد گوشییەکەم بدەوە! ویستی لە دەستی دەرهێنێ. سەگەکە ڕیچەی لێکرد و وەڕی. دانێ ترسا و پەشەکشەی کرد.

کوڕەکە گوتی «دەست بە سەر و ملی «توتو» دا بێنە جا، گوشییەکەت ئەدەمەوە!»

دانێ نەیوەرا لە سەگەکە نزیک بێتەوە. دەستی درێژ کرد بۆ مۆبایلەکەی. سەگەکە پێیدا هەڵپڕژا. دانێ یەکجار زۆر ترسا. قیژاندی لاییە! ئەم سەگەم لێ دوورخەوە!کەمێک کشاوە و خۆی کرد بە ژێر نیمکەتە کەدا. چانتاچەرخدارەکەی کرد بە پەرژین و خۆی شاردەوە. . .

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ١٥

هەموو شتێک زوو تێپەڕی. درگای ساڵۆنی چاوەڕوانی کراوە. ژنێک بە جلوبەری شینەوە هاتە ژوورێ. تەماشای تابڵۆی ڕاگەیاندنی هات و چۆی قەتارەی کرد. دوایە بەپەلە چووە دەرێ. بە دوای ئەودا، ئەو کوڕانەی وا سەگێکیان پێبوو، تەلەفۆنەکەی دانێیان ڕفاند و ڕۆین.

دانێ لە سەر عەرزەکە کەوتبوو. دەترسا نەکا سەگەکە بۆی بگەڕێتەوە. دووبارە درگای ساڵۆنەکە کراوە. ترپەی پێ دەهات. دانێ ترسی شکا و وێرای تەماشای پێش خۆی بکا. چی ببینێ جووتێک پێڵاوی ڕەشی گەورە لە نیمکەتەکە نزیک دەبوەوە! کەسێک دانەوی و بە سەرنجەوە ڕوانییە دانێ. خوشکەکەی ڤێڕا «لیزێت»بوو. گوتی«ئەها، ئەوە تۆی؟

دانێ بە گاگۆڵکێ هاتە دەرێ.

«لیزێت» پرسی «ئەوە لەو بن نیمکەتە چ دەکەی؟»

دانێ هەستا و خۆی تەکاند. بەڵام هیچ وەڵامی لیزێتی نەداوە.

لیزێت گوتی«زەنگم بۆ لێدای، کەچی کوڕێک وەڵامی داوە!»

دانێ بە دەنگی بۆرەوە گوتی«وایە، ئەو کوڕانەی وا سەگێکیان پێ بوو تەلەفۆنەکەمیان ڕفاند»

لیزێت پرسی «ڕفاندیان؟ یانی چی!»

دانێ لە ڕقان لێوی خۆی گەست.

لیزێت پرسێ «لێرە، لە وێستگەی قەتار؟ ڕواڵەتیان چۆن بوو؟»

دانێ گوتی«بەدفەڕ بوون. سەگێکی ڕەشی گەورەیان پێبوو هێرشی بۆ هێنام زۆر ترساندمی»

لیزێت گوتی«ئەها، دەی دەزانم کێن» ئەوەی گوت و دەستی دانێی گرت و گوتی «وەرە با بڕۆین!»

دانێ پرسی «بۆ کوێ؟»

لیزێت گوتی«وەرە! بەماشێن بچین تەلەفۆنەکەت لەو دزانە بستێنینەوە»

دانێ بە ترسەوە گوتی«بە ماشێنی پۆلیس!»

لزێت گوتی«مەترسە! هەرکەسی دیکە بوایە کە تەلەفۆنەکی بدزن، زۆر خۆشحاڵ دەبوو کە یارمەتی بدەن!»

بەڵام دانێ نەیدەویست. گوتی «نا، من دەبێ لەسەر ئێلافڕیدا بوێستم» بەڵام قسەکەی گۆڕی، گوتی «ئەوەش نابێ ئێلا فڕیدا نابێ بزانێ!»

لیزێت چاوی بڕیبووە دانێ. پرسی «بەڕاستی تۆ لەگەڵ کێ هاتی بۆ ئێرە؟»

دانێ گوتی «خۆم بە تەنیا هاتم»

لیزێت گوتی«لەوێوە بە تەنیا هاتی؟»

دانێ سەری بۆ لەقاند!

لیزێت گوتی «چۆن باوکت ئیجازەی پێدای؟ دانێ ئەم کارەی تۆ یانی چی!»

دانێ لەرزی لێ هاتبوو. تێڕاما بوو چۆن وەڵامی بداتەوە. منگە منگێکی کرد و ئاماژەی کرد بە

نەوارەکەی تەوێڵی خۆی. **دیاری یادڕۆژی لە دایکبوون.**

دانێ کاتێ قسەکرد گریان گەرووی دەگوشی. فرمێسک بە چاویدا دەهات.

وەختێک لیزێت ئەو حاڵەی دی، بڕیاری دا شێوەی پرسیار کردنەکەی بگۆڕێ. لە دانێی پرسی «پێت خۆشە پیاڵەیەک شەگەڵاتی گەرم بخۆینەوە؟»

دوایە ڕوانی بە لای قاوەخانەکەدا. نووسراوەکەی «**ئێستا دەمەوە**» نەمابوو. بەڵام کەسێک خەریک بوو کەیک و بابۆڵەی لە سەر دەوری دادەنا. لیزێت گوتی «خۆشم پیاڵەیەک قاوەم پێویستە»

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ١٦

شەگەڵاتەکە خۆش بوو. دانێ حەزی دەکرد بیخواتەوە. بەڵام بۆی قوت نەدەچوو. تووڕەیی گەروی وێک دەگوشی. بەو چەشنەش خۆیی مەجبوور کرد، چەن قومی هەڵقوڕاند. گەرم و خۆشتام بوو.

لیزێت گوتی «دانێ وەرە ئێستا پێم بڵێ!»

دانێ گوتی «چیت پێ بڵێم؟»

لیزێت گوتی «دەمەوێ بزانم بۆ چی چبویە ژێر ئەو نیمکەتەوە؟»

دانێ قومێکی دیکەی لە شگەڵاتەکە خواردەوە و گوتی«لە ترسی ئەو سەگە پیسە» ئەودەم کە باسی سەگەکەی کرد مچوڕکێکی پێدا هات.

لیزێت گوتی «ئەم وشەیە لە کوێوە هات؟»

دانێ لێوی خۆی گەست و گوتی «لە زاری منەوە!»

دانێ ڕوانییە دەرێ. ماشێنی سوور لە هیچ کوێوە دیار نەبوو. بەڵام لە باتی ماشێن چی ببینێ «ڤێرا»! بەو بەفر و بۆرانە بەپەلە دەهات بەرەولای ئەوان.کڵاوێکی لەبەداری لە سەر نابوو سەر و چاوی داپۆشی بوو. بەپەلە خۆی کرد بە ژوورێدا. بەفرەکەی لە خۆی تەکاند و چوو لەلای ئەوان دانیشت.

لیزێت گوتی «ڤێرا مەجبووری ئەو کڵاوە شەق و ڕەقە لە سەر کەی؟»

ڤێرا گوتی«ئەم کڵاوە شەق و ڕەق نییە ئەگەر نازانی ئەوە شەپکەیە»

دوایە بە خمبارییەوە ڕوانییە دانێ.

لیزێت گوتی «ڤێرا! تۆ دەزانی دانێ بە تەنیا خۆی هاتووە بۆ ئێرە؟»

ڤێرا کڵاوەکەی داگرت. دەم و چاوی وەدەر کەوت. دانێ زانی کە ئەوندە گریاوە چاوەکانی سوور بوون.

ڤێرا لە دانێی پرسی «باوکت ناردوتی بۆ ئێرە؟»

دانێ گوتی «نا، نابێ باوکم بزانی من هاتوم بۆ ئێرە! ئێلافڕیداش نابێ بزانێ»

ڤێرا گوتی «بەڵام من دەبێ بزانم تۆ بۆچی هاتوی بۆ ئێرە!»

دانێ ئارەقی ساردی دەردا و سەری نا بەرۆکی خۆی. بە دڵپڕێ گوتی

«ناتوانم قسە بکەم گەرووم دێشێ»

لیزێت گوتی «چەن کوڕی بەدفەڕ تەلەفۆنەکەی دانێ یان ڕفاندووە»

ڤێرا قومێکی لە قاوەکەی خۆشکی خواردەوە، بەڵام بۆی قوت نەچوو.

لیزێت پرسی «دانێ ! ژمارەی تەلەفۆنی دایکی ئێلافڕیدا دەزانی؟»

ڤێرا تەلەفۆنەکەی خۆی لە کیفەکەی دەرهێنا و زەنگی لێدا بۆ «سۆنیا» بەڵام کەس جوابی نەداوە. دوو سێ جاری دیشی زەنگ لێدا دیسان کەس جوابی نەداوە. ڤێرا گوتی «ئێستا ئێمە چی بکەین؟»

لیزێت گوتی «باشتر وایە کە دانێ سواری قەتار کەین بڕواتەوە»

دانێ تا ئەوەی بیست شێت و هاربوو. یەک بەخۆی قیژاندی. من دەمەوێ ئێلافڕیدا ببینم! ئەی بۆ نەهاتن بمبەنەوە؟



ڤێرا گوتی «ئەوان دەیانویست بێن بە دواتدا، بەڵام لەبەر ئەم بەفر و تۆفانە ڕێگا گیراوە».

لیزێت بە ڤێرا گوت «تۆ ئاگات لە دانێ بێ! با من بچم تەلەفۆنەکەی دانێ لەو هەتیوانە بستێنمەوە»

ئەوەی گوت و ئاوڕیداوە بۆ لای دانێ و گوتی «دانێ! باشتر وایە تۆ بگەڕێیەوە بۆ ماڵی خۆتان. گوێت لێیە دەڵێم چی؟»

دانێ بەجارێک لەرزی لێهات و گوتی «ناوێرم بە تەنیا بگەڕێمەوە»

لیزێت گوتی «بۆچی ناوێری؟ ئەی چۆن وێرات بەتەنیا هاتی بۆ ئێری هەر واش بەتەنیا بگەڕێیەوە؟»

دانێ گوتی «ئەو دەمیش نەمدەوێرا بەڵام هەرچۆنێک بوو هاتم. چونکە من دەبێ ئێلافڕیدا ببینم»

لیزێت چاوی هەڵتەکاند و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی «سەرە ڕۆیەت کردووە، نابێ کەسیش بزانێ!» ڕووی کرد ڤێرا و گوتی «ئەم خانمە چکۆلە دایکی گەرەکە! تۆ دەبێ بیبەیەوە بۆ ماڵی خۆیان و بیدەیتە دەست باوکی!

ڤێرا گوتی «بەڵێ دەبێ بیبەمەوە تەحویلی دەم» چڵمەکەی هەڵلوشی و ڕووی کردە دانێ و گوتی «وەرە با بڕۆین بلیت بکڕین»

دانێ لە پەنجێرەکەوە تەماشایەکی دەرێی کرد. بەڵام ئەو ماشێنە سوورەی ئەو بە تەمای بوو دیار نەبوو. هیچ ماشێنێک دیار نەبوو.

لیزێت گوتی «وەرە خانمە چکۆل! با لە باوشت گرم و خوا حافیزی بکەین. بۆی هەیە دووبارە یەکدی ببینین»

دانێ بە نابەدڵی چوو بۆ لای و گوتی «ئەرێ رەنگە دووبارە یەکدیمان بینی» ڤێرا گوتی «دانێ نازانی چی ڕوویداوە. کڵاوەکەیی کردەوە سەری و گوتی «یانی باوکت بۆی نەگێڕایەوە؟»

لیزێت هەڵیدایە و گوتی «زۆر شتی سەیر ڕووی داوە»

دانێ پرسی «چی بووە، بۆ من نازانم چی ڕوویداوە!»

لیزێت پەنجەی نا بە لووتی دانێدا و گوتی «پەلە بکەن تا نۆ دەقیقەی دیکە قەتارەکە دەڕوا. با بەجێ نەمێنن!»

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ -بەشی ١٧

دانێ هیچی بۆ نەمابوو، بێجگە لە وەی کە بە قسەی ڤێرا بکا.

ڤێرا گوتی دانێ «پەلەبکا!»

بەڵام دانێ، بەپێچەوانەی قسەکەی ڤێرا هێواشتر دەڕۆیی. پەرێشانتر لە کەڕ و لاڵێک، چوو بۆلای زبڵدانێک! تەوێڵپێچەکەی داگرت، چونکە ئیدی بەکاری نەدەهات فڕێیدا نێو زبڵدانەکە. هەستی دەکرد هەرچی بکا بێهودەیە. هەموو دیارییەکانی. سەفەرەکەی بێ بایەخ دەر چوو. هەر دەم پرسیارێک بە مێشکیدا دەگەڕا. لە خۆی دەپرسی بۆ دەستەی پێشوازیکەر نە هاتن؟



ڤێرا وێستا و دەستی درێژ کرد بۆلای دانێی و گوتی «وەرە!» دانێ بە دوودڵییەوە لێ نزیک بووەوە و دەستی گرت. هەردووکیان هەوڵیان ئەدا بە نێو بەفر و باڕندا بە بێدەنگی خۆیان کرد بە وێستگەی قەتار. دانێ بەبێ ئەوەی بڕوانێتە شتێکی تایبەتی لە پەنجێرەکەوە ماتی دەرێ بوو. قەتارێکی دیکە لەوبەرەوە هاتە وێستگە. کاتێک درگاکان کرانەوە و مسافیرەکان دابەزین. دانێ موچڕکێکی وەک گەڕیانی کارەبا بە لە شیدا گرا.



وەک ئەوەی کە خەون ببینێ کچێک کە لە ئێلا فرێدا دەچوو بازی دا خواریێ بۆ سەر سەکۆکە! لە پڕێکدا وەک ئەوەی وەهۆش خۆی هاتبێتەوە بیری کەردەوە «ئێلا فڕیدا تۆ لێرە چ دەکەی؟ مەگەر تۆ لە کلوبی ئەسپسواری نەبووی؟» بە دوای ئێلا فڕیدا دا کچێکی چکۆلە کە لە

«میراندا» دەچوو هات. دانێ لە بەرخۆیەوە پرسی میراند بۆچی لێرەیە؟ گوتی ئەها ئەویش لەگەڵ دەستەی پێشوازی هاتووە. دانێ هەوڵی دا پەنجێرەکە بکاتەوە. بەڵام پەنجێرە تۆکمە بوو نەکراوە.

دانێ زرم زرم پەنجێرەی قەتارەکەی کوتا و بانگی کرد. ئێلا فرِیدا! بەڵام ئێلا فرِیدا نەی بیست. چونکە دەرۆیی بۆ لای خوشکە چکۆلەکەی. دانێ لەو خەیاڵەدا بوو، دیتی کەسێک کە هەر لە دایکی ئێلا فرِیدا دەچوو وێستاوە.

قەتارەکە کەوتە رِی. دانێ نەدەبوو خولێک کات بە فیرِۆ بدا. دەبووایە بەپەلە بگەرِێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. کەچی تا

ڤێرا پێزانی، ئەو بە پاڵەپەستێ خۆی گەیاندە نزیک درگای قەتارەکە. دەستگیرەی گرت و دەیویست بیکاتەوە. بەڵام درگاکە داخرابوو بۆی نەکراوە. قەتارەکە بە خێرایی سەکۆی وێستگەی بە جێ هێشت.

دانێ لە سەر ئەردەکە گرمۆڵە بوو.

ڤێرا بە دوای دانێوە بوو. هەوڵی ئەدا کە ئەهۆنی کاتەوە. بە پارانەوە گوتی دانێ گوێ بگرە! ڕەنگە تۆ و ئەوان لە یەکدی حاڵی نەبووبێتن. بەڵام دانێ دەگریا و دەیگوت من دەمەوێ بچم بۆ لەی ئێلا فرێدا!

ڤێرا دەپارِاوە و دەیگوت دانێ گیان مەگری، بە گریان کار جێبەجێ نابێ. بەڵام دانێ ژیر نەدەبوەوە. ئەو قەتارەی دانێی تێدابوو تیژتر تێپەڕی. دانێ تا دەهات لە ئەو کەسەی کە ئەو گەرەکی بوو هەموو ڕۆژێک، هەتا هەتایە لەگەڵی بێ دوورتر دەخستەوە.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ - بەشی ١٨

دانێ دەگریا، تا گەیشتنە شاری «سۆدەرتێلیە»ژیر نەدەبوەوە.

ڤێرا پرسی«دانێ! دەتوانین قسەبکەین؟»

دانێ گوتی «نا، خۆت دەزانی گەروم دێشێ»

ڤێرا دەستی نابەنێوچاوانی دانێدا و پرسی«نەکا نەخۆشکەوی؟ وادیارە تات هەیە. لەشت گەرم گەرمە» بچینەوە ماڵێ باوکت یارمەتیت دەکا، لە سەر تەختی خەوەکەت ڕاکشێ و بەحەسێوە.

دانێ کەوتە نزگەرە و گوتی«نامەوێ بچمەوە بۆ ماڵی خۆمان»

ڤێرا گوتی«دەچییەوە، و باشیش دەچییەوە!»

دانێ گوتی«باوکم چووە بۆ «ڕۆم» دەچم بۆ ماڵی نەنکم و باوەگەورەم»

ڤێرا گوتی«ڕۆم!گاڵتەمەکە»

دانێ گوتی«باوەڕ بکە گاڵتەناکەم. ئەم بەیانییە بە فڕۆکەی چوو»

ڤێرا گوتی«تۆی وەدەرنا بۆلای نەنکت و باوەگەورت، و خۆی ڕۆی!»

دانێ «نا، وەدەری نەنام. نەنکم بە ماشێن هات لەدوام. وابزانم باوکم نەخۆشی خەمۆکی گرتووە»

ڤێرا گوتی«منیش نەخۆشی خەمۆکیم گرتووە. باوکت پێنەگوتی؟ بۆی نەگێڕایەوە ئێمە لە یەک جیابووینەوە؟»

دانێ واقیوڕما. ڕوانییە ڤێرا. پرسی بۆ ئێوە دیاریکراوی یەکدی بوون؟

ڤێرا گوتی«ئەرێ، بەڵام بە نەهێنی»

دانێ پرسی«یانی دەتانویست پیکەوە ببنە هاوسەری یەک؟»

ڤێرا گوتی«ئەرێ ئەگەر تۆ ڕازیبی و ئیجازەمان بدەی»

دانێ ڕقی لە وشەی ئیجازەیە.ئەمە یەکەمجار نییە ڤێرا قسەی وادەکا.

دانێ بە تووڕەییەوە تەمەشایەکی ڤێرای کرد.

ڤێرا داوای لێبووردنی لێکرد. گوتی دانێ گیان من نامەوێ تۆ ناڕەحەت کەم. بەڵام تۆ لەمن ڕازی نەبووی. بۆیە بۆیە وامگوت. ئەوەی گوت و چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسک. بۆ ئەوەی دانێ فرمێسکەکانی نەبێنێ، کڵاوەلەبەدارەکەی کە لەسەر چۆکی بوو کردە سەر دانێ و تاسەر لووتی دایکێشا.

دانێ هەوڵی ئەدا لێی حاڵیبێ. بەڵام گەرووی وشکبوو، قسەی بۆ نەدەهات. ڤێرا کڵاوەکەی لە سەر دانێ لابرد.

. .

ئەمجار دانێ سەری لارکردەوە بۆ سەرشانی ڤێرا. ئەویش لە ئامێزی گرت. تا گەیشتنە ستۆکهۆلم بەو جۆرە یەکیان لە ئامێز گرتبوو!

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ١٩

بەو شێوەیە دانێ گەڕاوە بۆ ستۆکهۆلم،بۆ گەڕەکی «هیورترهاگن»هەرکە گەییە بەردرگای ماڵێ نەنکی و باوەگەورەی حاڵی ئەوندە خراپ بوو نەی توانی زەنگی درگاکە لێبدا! بەڵام قێڕا یارمرتی دا پەنجەی نا بە دوگمەی زەنگی درگاکەدا. نەنکی دانێ زوو هات و دەرگاکەی بۆ کردەنەوە. نەنکی دانێ جلوبەرگی خاوێن وجوانی لەبەرکردبوو. قژی شتبوو و لوولی دابوو.

نەنکی دانێ بەسەر سووڕمانەوە گوتی«دانێ! ڕۆڵە ئەوە چی بووە؟»

ڤێرا جوابی داوە و گوتی«دانێ نەخۆشکەوتووە دەتوانین بێینەژووریێ؟»

هەڵبەتە وازەکە خراپتربوو، دانێ فریا نەکەوت جلەکان لە بەر داکەنێ باوەگەورەی «تەرمۆمیتر»تا و یاو بە دەستەوە هات بەرەوپیری دانێ!

ڤێرا، گوتی «دانێ وەرە با بچینە ژوورەکەی خۆت پلەی یاوت بگرین!» باوەگەورە درگای ژوورەکەی نیشان دان.

ڤێرا دەستی دانێی گرت و بردییە ژووریێ، و درگاکەی پێوەدا!

نەنکی و باوەگەورەی دانێ لەپشت درگاکە وێستابوون.گوێیان لە دەنگە دەنگی ڤێرا و دانێ گرتبوو. بەڵام نە دانێ بۆلەی دەهات، نە دەنگی ڤێرا .

ئەم جارە بەبێ قڕە و هەرا بە خێر گوزەرا!

زۆری پێ نەچوو ڤێرا درگاکەی کردەوە و ڕوانی. هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی«یاوت زۆرە لە پلەی، سی و نۆدا یە» لە نەنکی دانێی پرسی «قورسی دەرمانی تایبەتی منداڵانتان هەیە؟»

دانێ، دەستی کردەوە بە بۆڵە بۆڵ. ئەو ڕقی لە قورس خواردن بوو.

ڤێرا گوتی«چراقەوەیەکیشم بۆ بێنە. دەبێ تەماشای گەرووی بکەم»

دانێ بەدەم نااڵەناڵەو گوتی«نا، نامەوێ!» لەپڕ تەلەفۆن زرەی لێ هەستا. باوکی دانێ لە ئیتالیاوە زەنگی لێدا. دانێ مات و بێ دەنگ گوێی هەڵختبوو.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٢٠

باوەگەورە گوشییەکەی وەرگرت و گوتی«دەکرێ دوای چەن چرکەی دیکە پێکەوە قسەبکەین! دانێ حاڵی باش نییە»

کاتێک باوکی دانێ ئەمەی بیست، دەیویست هەر ئەودەمە لەگەڵ دانێ قسەبکا.

دانێ گوشییەکەی وەرگرت، دەنگی باوکی لە گوێیدا زرینگاوە «خۆشەویستەکەم! ئەحواڵت چۆنە؟»

دانێ جووکەیەکی لێوەهات گوتی «باوکە حاڵم باش نییە»

باوکی گوتی«ئەی بۆ تەلەفۆنت بۆ خۆم نەکرد؟»

دانێ کەوتە بیرکردنەوە، باوکم ڕاست دەکا بۆ زەنگم بۆ لێنەدا؟

دانێ کەوتەوە بیری. گوتی«دەترسام تۆ لێم تووڕەبی!»

باوکی گرژ بوو، گوتی«چۆن شتی وادەڵێی! من هەرگیز لە تۆ تووڕە نابم.تۆ دەبێ ئەگەر شتێکت بۆ پێش هات زوو تەلەفۆنم بۆ بکەی!»

بە قسەکانی باوکیدا بیریکەوتەوە کە تەلەفۆنەکەیان لێ ڕفاند.

باوکی گوتی«من دەمزانی گومی دەکەی، گوتم منداڵ تەلەفۆنی مۆبایلی پێویست نییە!»

دانێ گوتی«گومم نەکردووە، نازانم کێبوو لێ ڕفاندم!»

باوکی گوتی «ئەوە دەڵێی چی؟»

دانێ نەیتوانی باوکی تێگەیەنێ کە چۆن مۆبایلەکەیان لێ ڕفاندووە. بەڵام باوکی دەستهەڵگر نەبوو. پرسی «لە کوێ؟»

دانێ گوتی لە «نۆرشۆپینگ»

باوکی گوڕاندی «تۆ وڕینە دەکەی!»

دانێ گوتی «نا باوکە، وڕینە ناکەم. لە نۆرشۆپینگ بووم»

باوکی ئەوندەی دیکە تووڕە بوو. گوتی «تۆ لە نۆرشۆپینگ بووی؟ لەگەڵ کێ چووی، لەگەڵ نەنکت؟»

دانێ گوتی «نا، هەر خۆم بە تەنیا چووم».

کاتێک باوکی تێگەیی کە دانێ بە تەنیا چووە بۆ نۆرشۆپینگ بەجارێک تێکچوو. بە تووڕەییەوە گوتی «ئەوە دەزانی تۆ بۆت نییە کاری وا بکەی.

لەمە بەدواوە هیچ باوەڕم پێت نەما».

دانێ بە جارێک سڕ بوو، سەری هاتە ئێش. بە ناڕحەتیەوە گوتی «منیش باوەڕم بەتۆ نەما. بۆ پێت نەگوتم دەتەوێ لەگەڵ ڤێڕا زەماوەند بکەی؟»

چەن چرکە هەردووکیان بێ دەنگ بوون.

باوکی گوتی «ڤێڕا! جا، ئەوە چ پەیوەندی بە ئەمەوە هەیە؟»

گوتی «گوشییەکە بدە بە نەنکت!»

نەنکی گوشییەکەی وەرگرت و بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵ بە سەر «گیانی» دا.

دانێ دەستی گرت بە گوێیەوە و سەری نا بە سینگی ڤێراوە. لەژێر لچەوە دەیگوت «شەڕ مەکەن!»

بەڵام نەنکی وازی نەدەهێنا گوتی «گیانی تۆ چ باوکێکی منداڵەکەت چکۆلەیە نەخۆش کەوتووە. بە تەنیا بە جێدێڵی دەڕۆی بۆ بەڕەڵایی لە ڕۆم چۆن دڵت هات کچەکەت بە تەنیا بە جێبێڵی؟»

دانێ چووە ژێر پەتوێک و خۆی گرمۆڵە کرد. تا نەنکی گوشییەکەی دانەنا نەهاتە دەرێ!

نەنکی هەر بۆڵەی دەهات و دەیگوت «ئیدی من گیانی ناناسم. تۆ دەبووایە بتگوتبایە دڵپەڕۆش مەبن من بە پەڵە دەگەڕێمەوە»

ڤێرا گوتی «ئێستا وەختی دەرمانەکانی دانێ یە»

دانێ کە ئەوەی بیست کەوتە بۆڵەبۆڵ. بەڵام هیچ کەس گوێی نەدا بە بۆڵە و نااڵەی دانێ.

نەنکی چووە ئاشپەزخانە، حەبێکی خستە نێو پەرداخێک ئاو و هێنای بۆ دانێ. لێی پاڕاوە و گوتی «وەرە ئازیزەکەم! ئەم ئاوە بخۆوە!»

دانێ قومێکی لەو دەرمانە تاڵە خواردەوە، بەڵام بە کۆخە کۆخ هێنایەوە. پەرداخەکە لە دەستی بربووەوە و هەمووی ڕژا نێو جێگە و بانەکەی.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ - بەشی - ٢١

لە زەنگی درگایان دا. دۆستەکانی دایەگەورە هاتن بۆ یاری «بریج» دایەگەورە بەجارێک پەشۆکا. لە دڵی خۆیدا دەیگوت«ئێستا چبکەم!» دانێ نەخۆشە و لە جێگادا کەوتووە. چۆن میوانداری دۆستەکانم بکەم!

باوەگەورە چوو درگاکەی کردەوە. هەرکە درگا کراوە، هاڵەکە پڕ بوو لە دەنگە دەنگی میوانەکان. دایەگەورە سەر لێشێوا و دەپڕوانییە ڤێرا!

ڤێرا گوتی«تۆ بڕۆ بەلای مێوانەکانتەوە. من ئاگام لە دانێ دەبێ» ئەوەی گوت و دانێی بردە حەمام.

پاکوخاوێن شۆردی. دایەگەورەش گەڕا کراسی خەو و مەلافەی خاوێنی بۆ هێنا لە سەر جێگا دانا.

دانێ لە سەر تەختی خەوەکەی لە نێو جێگای گەرم و نەرمدا ڕاکشابوو.

ڤێرا دەرمانی هێنا و حەبێکی دا بە دانێ. گوتی «ئەم حەبە قووتدە!و بیر لە شتێک بکەوە کە خۆت حەزت لێیەتی.

دانێ بە دەنگێکی کزەوە «پرسی وەکوو چی؟»

ڤێرا گوتی «ئەوەی لە ژیانتدا لە هەموو شتێکت زیاتر حەزت لێیە»

دانێ لە ژێر لچەوە گوتی «لەگەڵ ئێلا فڕیدا کایە بکەم»

ڤێرا گوتی «دەی باشە ڕاست بێر لەوە بکەوە. یەکبەخۆت هاوار بکە

ئێلا فڕیدا، بەڵێ ، بەڵێ ئێلا فڕیدا. . . !

ڤێرا حەبەکەی خستە دەمی دانێ. لیوانێکی ئاو دا دەستی.

دانێ ئاوەکەی خواردەوە. بیری لە قسەکەی ڤێرا کردەوە.

بەو جۆرە قورسەکەی قووتدا!

ڤێرا گوتی «بە زوویی هەست دەکەی کە حاڵت باشتر دەبێ»

دانێ پرسی «چەندە باشتر دەبم؟»

ڤێرا گوتی«ئەوندە باشتر دەبی کە بتوانی بابۆڵەیەک نان و پەنیر بە بیباری سوورەوە بخۆی!»

دانێ پرسی «ئەی دوای ئەوە چدەبێ؟»

ڤێرا گوتی «پەلە مەکە. دوایە خۆت تێدەگەی»

دانێ پرسی «تۆ و باوکم دەتانەوێ زەماوەند بکەن؟»

ڤێرا تێڕاما و بەماناوە ڕوانییە دانێ وگوتی«تۆ پێتخۆشە؟»

دانێ حەپەسا. وەڵام دانەوەسەخت بوو. گوتی«من، من دەمەوێ. . . »

ڤێرا دووبارە پرسی «تۆ چۆنت پێخۆشە؟»

دانێ گوتی«من دەمەوێ باوکم وەک جاران ساخ و سڵامەت و خۆشحاڵبێ. ئەودەم منیش حاڵم باش دەبێ»

ئەوەی گوت و سەری لەقاند. لە ژێر پەتوەکەدا خۆی گرمۆڵو کرد.

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٢٢

دوای چەن چرکە، سرتە سرت و پێکەنین دەهات. دانێ لە نیوەخەو بە خەبەر هات. دۆستەکانی هاوبازی بریجی دایەگەورەی بوون. شاد و بە کەیف لەگەڵ یەکدی قسەیان دەکرد. جرینگە و تەقەی کەوچک و چنگاڵ و دەوری دەهات.

بەڵام دانێ لە نێو جێگادا ڕاکشابوو. گەرووی دێشا و هیچی بۆ قوت نەدەچوو! دانێ ڕوانییە دەور و بەری خۆی. باوەگەورەی لە پەنای تەختەکەیەوە لەسەر سەندەڵییەک دانیشبوو. دانێ پرسی «کوا قێزا؟»

باوەگەورە گوتی «قێزا چوو بۆ دەرمانخانە دەرمانت بۆ بکڕێ. تۆ چۆنی ئێستا باشتری؟»

دانێ ئاماژەی کرد بۆ گەرووی خۆی و گوتی «زۆر دێشێ»

باوەگەورە گوتی «دانێی بەستەزمان! تۆ گوێ لە من بگرە! من لە بیرم چوو بۆ بگێڕمەوە! ئەم بەیانییە کوڕێک هاتبوو، گوڵێکی ڕۆزی سووری بە دەستەوە بوو. من نەمناسی تۆ دەزانی کێ بوو بۆ چی هاتبوو؟»

دانێ گوتی «بۆ لای من هاتبوو! تۆ بڵێی کێ بووبێ؟»

باوەگەورە گوتی «لە بیرم چوو لێی بپرسم!»

دانێ گوتی «ڕەنگە کوودەن بووبێ»

باوەگەورە کەوتە گومانەوە! گوتی «دەکرێ مرۆڤ ناوی کوودەن بێ

دانێ گوتی «ناوی ئەسڵی خۆی ئاڵێکساندر»ە

بەڵام لە قوتابخانە بانگی دەکەن«کوودەن»

باوەگەورە پرسی «یانی چی؟»

دانێ گوتی «باوەگەورە! من ناتوانم قسەبکەم. ئاماژەی کرد بۆ گەرووی»

ڤێرا هاتەوە، دانێ کەمێک هاتەوە سەرخۆ.

ڤێرا پەنجەی نا بە تەوێڵی دانێ وە

دانێ بە هەناسەسواری گوتی«ئای مردم، من دەمرم»

ڤێرا گوتی «نانا، نامری! ئاوی گەرم زۆر بخۆوە. سوپیش تا دەتوانی بخۆ»

هەنگڤینش لە شیری گەرم کە و بیخۆوە!

دانێ ڕووی وەرگێڕا. ئاخر ئەو شیر و هەنگڤینی پێ خۆش نییە.

ڤێرا گوتی«بیر لە شتی باش بکەوە!»

لەودەمەدا باوەگەورە فینجانێک بە دەستەوە هات. ڤێرا فینجانەکەی لێ وەرگرت. بە دانێی گوت «ها ئەمەش بخۆوە!»

بەڵام دانێ هیچی دیکەی لە بیر نەما بیجگە لە قسەکانی «سڤانتە» نوکتەی سڤانتە«بۆچی بێلمان شەیتانۆکەی

دەخوارد؟ خۆشی وەڵامی داوە. چونکە خواردنی حازری پێ خۆش نەبوو»

دانێش شیر و هەنگڤینی پێ خۆش نەبوو. دانێ سەرینەکەیی گرت بە بەر دەم و جاوێەوە. نەیدەویست ئاو و هەنگڤین بخوا!

بەڵام ڤێرا قسەیەکی کرد، دانێ زیت بوەوە و گوێی هەڵخست.

ڤێرا گوتی «دانێ! من لەگەڵ لیزیت قسەم کرد. مۆبایلەکەتی دۆزیوەتەوە»

دانێ بەو خەبەرە خۆشە خۆشحاڵ بوو.

ڤێرا گوتی «لەگەڵ سۆنیاش قسەم کرد. ئێستا دەزانم بۆچی نە هاتبوون بەدواتدا بۆ وێستگەی قەتاری نۆرشۆپینگ»

دانێ سەرینەکەی کەمێک بەرز کردەوە.

ڤێرا گوتی«تۆ ڕۆژێک زووتر وەڕێ کەوتبووی!» تۆ و نەنکت ڕۆژەکەتان لێ تێکچووە. یاد ڕۆژی لە دایک بوونی ئێلا فریدا بەیانییە، نەک ئەمڕۆ.

دانێ دووبارە سەرینەکەی ناوە بەرچاوی. هەنگڤیناویشی نەخواردەوە!

بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٢٣

دانێ ویستی ببێ بە دیاری یادڕۆژی لە دایکبوونی باشترین هاوڕێی. بەڵام واپێش هات هەڵەی کرد. لە ڕیگا نەخۆش کەوت. باشبوو«ڤێرا» فریای کەوت. پەرستاری و ئاگاداری لێکرد.

دانێ لەبەر لەرزویاو لە نێو جێگادا کەوتبوو. جارجارە چاوی هەڵدێنا و لەژێر لێوەوە دەیپرسی «ڤێرا لێرەماوە؟»

ڤێرا گوتی «ئەرێ، من لێرەم»

دانێ گوتی«بەجێم نەهێڵی! تۆ نابێ بڕۆی»

دانێ گەرەکی بوو پرسیارێک لە ڤێرا بکا. بەڵام زاری هەڵنەدەپچڕا! زۆری هەوڵدا پرسیارەکەی بکا. بەسرتە پرسی«ڤێرا! تۆ پێتوایە من پێویستیم بە دایکێک هەیە؟»

ڤێرا گوتی«چی؟ دایکێک. بۆ چیتە؟ دەتەوێ چیت بۆ بکا»

دانێ گوتی«دایکێک کە پێم بڵێ لە وەختی خۆیدا بچم بۆ لای ئێلافڕیدا»

ڤێرا گوتی«بەڵێ تێدەگەم. هەڵبەتە دایکێکی وا هەمیشە پێویستە!»

نەنکی دانێ دەیگوت«دانێ دایکی هەیە. مرۆڤ هەمیشە دایکی هەیە. ئەگەر زیندووش نەبێ بەڵام لە زەینیدا هەر هەیە و بیری لێدەکاتەوە»

بەڵام ئەودەم دانێ چکۆلە بوو سەری لەم قسەیە دەرنەدەچوو. نەنکی بە دانێی گوتبوو«دایکت بوەتە فریشتە. سواری هەوربووە و دەستی ڕاوەشاندووە و هەڵفڕیووە» کاتێک دانێ گەورەتر بوو. لەگەڵ باوکی سواری فڕۆکە بوون چوون بۆ «ڕۆم» دانێ لە

پەنجێرەی فڕۆکەکەوە هەورەکانی بێنی. ئەودەم تێگەیی کە مرۆڤ ناتوانێ سواری هەوربێ.

چونکە هەور تەمومژێکی خەستە و بەس. ئەگەر مرۆڤ سواری هەوربێ

زەوی دەیکێشی بەرەوخوار و بەردەبێتەو. دانێ ئێستا دەزانێ نەکی چیرۆکی بۆ گێڕاوەتەوە.

دانێ لە نێو جێگادا ڕاکشا بوو. دەیڕوانییە ڤێڕا. ڤێڕاش لە جێی خۆی هەستا و چوو لە نزیکیەوە دانیشت و پێی دانێ کە لەژێر پەتوەکەوە دەرکەوتبوو ماچ. دوایە گوتی«دانێ! ئێستا من هەرچۆنێ بێ دەبێ بڕۆمەوە»

دانێ گوتی«پەلەمەکە». شتێکی دیکەش هەبوو کە دانێ دەیویست بزانێ

بەڵام نەیتوانی قسە بکا. هەرچۆنێ بوو بە دەنگی نووساو نووزە لە ڤێڕای پرسی«ئەگەر تۆ و باوکم پێکەوە زەمانوەند بکەن، تۆ دەبیتە زڕدایکم؟»

ڤێڕا گوتی«نا، دەبمە دایکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگە نەبمە. . .»

دانێ گوتی«دەمزانی، چونکە تۆ و باوکم دەستگیرانییەکتان تێکداوە!»

ڤێرا گوتی«ڕاست وایە، بەختیاری دێ و بەختیاری دەڕوا»

ئەم دێرە هۆنراوەیە لە دڵی دانێ کاریگەر بوو. لە ڤێرای پرسی «ئەی دێرەکەی دیکەی چۆنە؟»

ڤێرا بیری کردەوە و گوتی«بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ»

دانێ پرسی«مەبەستت ئەوەیە وەک دیاری یادڕۆژی لە دایک بوو؟»

ڤێرا گوتی«مەبەستم وەکوو منداڵ خۆشەویست» ئەوەی گوت و دەسرە سڕێکی دەرهێنا و کەپۆیی خاوێن کردەوە.

دانێ دەستی درێژکرد بۆ ڤێرا و پرسی «تۆش خەمباری؟»

ڤێرا گوتی«بەڵێ، زۆر زۆر ناخۆشە. چونکە ئێستا من و گیانی لەێک جیا دەبینەوە!»

دانێ بە سرتە گوتی«نا، وانییە»

ڤێرا گوتی«من ئەوم بە جێ هێشت. ماڵم بارکرد بۆ نۆرشۆپینگ»

دانێ ویستی بڵێ مرۆڤ دەتوانێ پەشیمان بێتەوە! بەڵام نەیتوانی. دەنگی دەرنەدەهات قسە بکا. گەرەکی بوو بڵێ تەلەفۆن بۆ باوکم بکە. بڵێ مرۆڤ ئەگەر باری کرد بۆ شارێکی دیکە نابێ یەکدی لە بیر بچێتەوە! تۆ خەمبار مەبە. من هەرکارێک پێویستبێ ئەنجامی دەدەم کە هەموو شتێک وەکەە جاری جاران باشبێ. بەڵام لە بەر گەرووئێشە قسەی بۆ نەدەکرا!

ڤێرا لامپەکەی کووژاندەوە. کەمێک لە نێو درگاکەدا وێستا، گوتی «بەننکت و باوەگەورەت بڵێ هەر پێنج سەعات حەبێکت بدەنێ! ویستی بڕوا»

پێش ئەوەی ڤێرا بڕوا دانێ دەیویست بانگی کا و بڵێ«منت لەبیر نەچێ»

ڤێرا بەدڵپڕێیەوە خوا حافیزی لە دانێ کرد و ڕۆیی.

بەختەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ – بەشی ٢٤

دوایی، هەر ئەو ڕۆژە دووشتی دیکە ڕووی دا. یەکەمیان ئەوە بوو کە ئێلافڕید تەلەفۆنی بۆ دانێ کرد. باوەگەورە تەلەفۆنەکەی برد بۆ دانێ. پرسی«بەخەبەری؟»

دانێ بە زەحمەت منگەمنگێکی کرد.

ئێلافڕیدا گوتی«بمبووره، من لەماڵ نەبووم» من و «میراندا» چبووین بۆ لای «ئاڤۆکادۆ»لە لیدشۆپینگ.

باوکی ئێلافڕیدا وەکیلە. بەسوێدی بە وەکیل دەڵێن «advokat» بەڵام ئێلافڕیدا لە خۆشەویستیدا پێی دەڵێ

«avokado»ئەوە سەیرە کە ئێلافڕیداباوکی خۆشی هەیە. و زڕباوکیشی هەیە. زڕباکی ناوی«اوفە»یە و لەگەڵ دایکی پێکەوە دژین.

ئێلافڕیدا لە دانێی پرسی«دەنگم دەبیسی؟»

دانێ منگەمنگی کرد.مم.

ئێلافڕیدا دڵپەڕۆش بوو. گوتی«ئەوە دەڵێی چی؟دروست وەڵام بدەوە! خۆ بەوە نامری»

دانێ دەیویست،بڵێ نا بەوە نامرم. سبەینێ بابۆڵەیەک نان و پەنیر بە بیبارەوە دەخۆم.گەرەکی بوو بڵێ دەمەوێ شوێنی دیاریێەکت بۆ دانێم.

هەموو شێتێک ئامادەیە. کەچی ئەوەی لە زاری دەرهات تەنیا لە منگەمنگێک زیاترنەبوو.

باوەگەورە تەلەفۆنرکەی لێ وەرگرت و گوتی«دانێ حاڵی باش نەبوو. ئێستا کەمێک باشترە. ئەو پێویستی بەوەیە دەنگی ئێلافڕیدا ببیستێ. بەوە حاڵێ باشتر دەبێ. دیارە حەبەکانیش خواردووە»

لەڕاستیدا، دانێ حەزی دەکرد بەرازۆکەکانی ببینێ. چونکە چاوەڕوانییان دەکرد کە دانێ قسەیان لەگەڵ بکا. بە بەرازۆکەکانی بڵێ نەمگوت بە زوویی دەگەڕێمەوە بۆ لاتان. بەڵام گەرووی گیرابوو دەنگی دەرنەدەهات.

بەختەوەر ئەو کەسەیە دانێی هەبێ

بەشی ٢٥ و کۆتایی کتێبی شەش

دووم و ئاخر شت کە ئەو ڕۆژە ڕوودا،ئەوە بوو دۆستە هاوبازییەکانی «بریجی» دایەگەورە ڕۆیشتن. دوای ئەوان ماڵەکە ئەهۆن بووەوە. دایەگەورە و باوەگەورە قاپ و کوچکیان شۆرد و کۆیان کردنەوە. دوایی گەرەکیان بوو بچن بخەون، کەچی لە زەنگی درگایان دا! بەڵایانەوە سەیر بوو لەماڵی ئەوان، هەرگیز وانەبووە ئێوارە درەنگ لەزەنگی درگا بدەن.

باوەگەورە ڕووی کردە دایەگەورە و گوتی«وابزانم یەکێک لە دۆستەکانی تۆبێ شتێکی لە بیر چووبێ!»

ئەوەی گوت و خۆی چوو درگای کردەوە.

باوەگەورە گوڵەکەی لە کوودەن وەرگرت و بۆنی پێوە کەرد و گوتی گوڵەکەت زۆر جوانە و بۆنیشی زۆر خۆشە! بەڵام کاکیلە! پرسیارێک تۆ بۆت هەیە بەم درەنگوەختە لە دەرەوە بی؟

کوودەن گوتی ئاخر باوکم شۆفیری ئۆتوبوسە پێ نەدەکرا زووتر بم هێنێ!

باوەگەورە گوڵەکەی خستە نێو گوڵدانێک. پری کرد لە ئاو. لەسەر مێزی لای سەرینەکەی دانێ داینا.

باوەگەورە دەیو یست بە پادزە بڕواتە دەرێ. کەچی دانێ لە خەو بەخەبەر هات.چاوی کردەوە دیتی باوەگەورە ئاماژەی بۆ گوڵەڕۆزەکە کرد و گوتی ئالێکساندر بۆی هێناوی.

دانێ لە دڵی خۆیدا گوتی«ئالیکساندر! ئەها ناوی ئەسڵی کوودەن. ئەو کوڕە کە دەیویست لە پەنای منەوە دانیشێ. من گوتم ئێرە جێگای ئێلافڕیدا یە. بۆت هەیە لێرە دانێشی تا ئەو دەگەڕێتەوە»

دەنگی ئەم هۆنراوەیە لە گوێی دانێدا زرینگاوە. بەوجۆرە کە دایکی کوتبووی.«بەختەوەری دێ و دەڕوا- بەختەوەر ئەوکەسەیە دانێی هەبێ»

بەڵام نا، قێڕا بوو بەردەوام وای دەگوت. ڕەنگە ئەویش هەر ئەوەی گوتبێ کە دایکم دەیگوت!

گوڵە ڕۆزە سوورەکە لەسەر مێزی پەنای سەرینەکە دەشناوە. بەڵام دانێ لە شیرین خەودابوو.

کۆتایی کتێبی شەشەم. چاوەڕێی کتێبی حەوتوم بن.